دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٥١، دووشەممە، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٤، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## هاودیتنی شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان

*

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە کۆ بووەوە

ل ٢



وتووێژی ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەمەڕ کتێبی «نسکۆ و دابڕان»...

٤



نێوەرۆکی تەفاهومنامەی لۆزان دەری دەخات...

٥



ئێران، گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر

٦



ئینتێرنێت، دونیایەک بۆ هاوارە کپکراوەکان

٩

# بارودۆخی پەنابەران لە جیهاندا کارەساتبارە



بە نوقمبوونی بەلەمێکی هەڵگری نزیك بە ٧٠٠ پەنابەر ماتێئۆ ڕۆسی، سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا ئێوارەی یەکشەممە ١٩ی ئاوریل بە ڕۆژنامەوانانی وت: «ئێمە هەوڵ دەدەین کە دانیشتنی سەرۆکەکانی یەکیەتی ئۆرووپا تا کۆتایی ئەم حەوتووە بەڕێوە بچێت. ئەم بابەتە دەبێ لە ئەجێندای کۆبوونەوەکەدا بێ.»

پێشتر هەواڵنێریی ئیتالیای «ئەسنا» ڕاپۆرتی دابوو کە بەلەمی هەڵگری پەنابەران شەوی یەکشەممە ٣٠ی خاکەلێوە لە ١٢٠ کیلۆمێتری باشووری دوورگەی ئیتالیایی لامپێ دۆسا نوقم بووە.

کارلۆتا سامی، وتەبێژی کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کەناڵێکی تێلفزیۆنی ئیتالیای وتووە کە پاپۆڕێکی بازرگانی پۆرتەغاڵی توانیویەتی ٢٨ کەس بە زیندوویی لە ئاو بگرێتەوە، بەڵام هێشتا نزیکەی ٧٠٠ کەس بێسەروشوێنن. هێزە یارمەتیدەرەکان تا ئێستا ٢٤ کەسیان لە ئاو دەرهێناوە.

ڕاپۆرتە نافەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە پەنابەران بە ناردنی نامەی بەپەلە داوای یارمەتیان کردبوو و پاسەوانانی کەناراوی ئیتالیا فەرمانیان بە پاپۆڕێکی بارهەڵگر کە لەو ناوچەیەدا بووە کردووە کە ڕێگەی خۆی بگۆڕێ و یارمەتی بەلەمی پەنابەران بدات. بە نزیکبوونەوەی پاپۆڕە بارهەڵگرەکە لە بەلەمی پەنابەرەکان، هەموویان بە زەختێکی زۆرەوە لە لایەکی بەلەمەکە کۆ ببوونەوە و بوون بە هۆی سەرەونخوون بوونەوەی بەلەمەکە.

هێشتا زانیاری تەواو لە ڕەگەز و نەتەوەی دانیشتوانی ئەم بەلەمە لەبەردەستدا نییە، بەڵام وتەبێژی کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وتوویەتی کە ئەگەر ژمارەی ٧٠٠ کەسەکە پشتراست بکرێتەوە، ئەمە یەکێك لە خراپترین کارەساتە مەرگهێنەرەکانە لە ئاوەکانی مەدیتەرانەدا.

لە ئێستادا هێزە دەریاییەکانی ئیتالیا و هێزەکانی بەرگریی شارستانی و پاسەوانانی کەناراوی ئەم وڵاتە بە کۆپتەر و پاپۆڕەکانیان و بە یارمەتی پاپۆڕە بارهەڵگرەکان لە مەودای نێوان دوورگەی لامپێ دۆسا و ئاوەکانی لیبیدا لە دووی زیندووەکان دەگەڕێن.

پاسەوانانی کەناراوی ئیتالیا لە ڕۆژانی کۆتایی حەوتوودا ژمارەیەکی زۆر پەنابەریان لە ئاو گرتووەتەوە و بۆ شوێنێکی ئەمین ڕایانگواستوون. لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژمارەیەك بەلەمی زۆر کە هەڵگری پەنابەرە بوون بە ئامانجی گەیشتن بە کەناراوەکانی ئیتالیا بەرەو ئەو وڵاتە بەڕێ کەوتبوون. تەنیا لە یەك حەوتووی ڕابردوودا نزیکەی ١١ هەزار پەنابەر گەیشتوونەتە کەناراوەکانی ئیتالیا.

قاچاخچییەکانی مرۆڤ لە هەلومەرجی کەش و هەوا کەڵك وەردەگرن و پەنابەرێکی زۆر سواری بەلەمەکان دەکەن. هەروەها چەن ڕۆژ پێش بەلەمێك لە کەناراوەکانی ئیتالیادا سەرەونخوون بوویەوە و نزیکەی ٤٠٠ کەس گیانی خۆیان لەدەست دا.

لە هەواڵێکی دیکەدا، پۆلیسی ئیتالیا بە پاڵپشتیی لێدوانەکانی شایەتە زیندووەکان دەڵێ، پەنابەرانی موسڵمان کە لە بەلەمێك بە مەبەستی گەیشتن بە ئۆرووپادا بوون، پەنابەر مەسیحییەکانیان فڕێ داوەتە نێو ئاو و نوقمیان کردوون. پۆلیس هانەی ئەم کارەی بە بێزاری ئایینی شوبهاندووە.

پۆلیسی ئیتالیا دەڵێ، ١٥ پەنابەری موسڵمانیان لە کەناراوەکانی سیسیل، لەبەر ئەوەیکە دەستیان هەبووە لە نوقم کردنی ١٢ پەنابەری مەسیحی لە بەلەمێك لە ڕێگەی ئۆرووپادا دەستبەسەر کردووە.

ڕاگەیەنەکانی ئیتالیا بڵاویان کردووەتەوە کە وەزیری دادی ئەم وڵاتە ئەم هەواڵەی لە ئێوارەی پێنجشەممە ٢٧ی خاکەلێوە پشتراست کردووەتەوە.

هەواڵنێری ئاڵمان دەنووسێ، ئەم ڕووداوە لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا ڕووی داوە، بەم حاڵەشەوە گومانلێکراوان لە بەندەری پالێرمۆ لە دوورگەی سیسیل دەسبەسەر کراون.

ئەم ڕاپۆرتە باسی ئەوە دەکات، هانەی پەنابەرانی موسڵمان بۆ ئەنجامی ئەم کارە بێزاریی ئایینی بووە و ئەو کەسانەی کە هەستاون بە ئەنجامدانی ئەم کارە خەڵکی وڵاتانی مالی، سێنگاڵ، گینە و کەناراوی عاجن.

شایەتحاڵی ڕووداوەکە باسی ئەوەیان کردووە کە موسڵمانەکان ١٢ پەنابەری مەسیحیان لە بەلەمێکدا لە ڕێگەی گەیشتن بە ئۆرووپا پاش دەمەقاڵە و تێکهەڵچوون فڕێ داوەتە نێو دەریاوە. دەگوترێ کە قوربانییەکان خەڵکی وڵاتانی غەنا و نیجرییە بوون.

## ئەمریکا زانیاریی هەیە لەسەر فرۆشتنی قەڵغانی مووشەکی ئێس ـ ٣٠٠ بە ئێران

سەرۆکی لێژنەی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا دەڵێ فرۆشتنی قەڵغانی پێشکەوتووی دژەمووشەکی دروستکراوی ڕووسیە بە ئێران کاریگەری لەسەر ئەگەرە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی ئێران نییە.

ژێنراڵ مارتین دێمپسی لە دانیشتنێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش لەگەڵ ئەشتۆن کارتێر، وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وەڵامی هەواڵنێراندا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەبوونی فرۆشتنی قەڵغانی مووشەکی ئێس ـ ٣٠٠ لە لایەن سەرۆك کۆماری ڕووسیەوە، وتی: «ئێمە ساڵانێکە ئاگاداری ئەوە هەین کە ئەم قەڵغانە بە ئێران دەفرۆشرێت و لە هەموو ئەگەرەکانماندا ئەمەمان لەبەر چاو گرتووە.»

ناوبراو هەروەها لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە گەلۆ مووشەکەکان کۆسپێکی پێشگیرانە نین لە بەردەم بژاردەی سەربازیی ئەمریکا دژی ئێران، وتی: «ئەو بژاردە سەربازییەی کە خراوەتە بەر دەستی سەرۆك کۆمار بە مەبەستی هاندانی دیپلۆماسییە و ئەگەر دیپلۆماسی شکست بخوات، بۆ دڵنیایی لە پێشگرتن لە دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، بە بێ گۆڕان لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە.»

ژێنراڵ دێمپسی هێمای بۆ ڕۆڵی ئێران لە یەمەن کرد و وتی ئێران پێوەندی هەیە لەگەڵ حوسییەکاندا کە ئەمەش وا دەکات عەرەبستان مافی خۆی بێ نیگەران بێت.

ئەشتۆن کارتێر وەزیری بەرگری ئەمریکاش لەم دانیشتە ڕۆژنامەوانیەدا، وێڕای ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ڕۆڵی ئەم وەزارەتخانەیە و ئەرکەکانی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ناوکی ئێراندا وتی: «بە لای منەوە، ڕۆڵی ئێمە ئەنجامدانی دانووستانەکان نییە، بەڵکوو سەرەنجدان بە دوو پرسی دیکەیە. یەکەم ئەوەیکە بە هەمان شێوە کە سەرۆك کۆمار باسیان کردووە، دڵنیابوون لە پاراستنی بژاردەکانی دیکە لەسەر مێزی دانووستانەکاندایە و ئێمە زۆر بە جیددی سەیری دەکەین و دووهەم بەردەوامبوون لە پێکهێنانی سەقامگیری لە هەموو ناوچەکە و بەردەوامیی بەهێز کردنی تواناکانی هاوپەیمانەکانمان.»

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

هێشتا جەوهەری ڕاگەیەندراوی دەرئەنجامی کۆبوونەوەی لۆزان وشك نەبۆتەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی کەوتوونەتە گزە و هەرکەسەو لایەنێك لە ناوخۆی ئێران بە مەبەستی چەواشەکاری و فریودانی ڕای گشتی سازێکی جیاواز لێدەدەن. سێناریۆی ئەم شەڕەزێرنگەرانەیە لەمێژە سواوە و ماوەکەی بەسەرچووە. سەرۆك کۆمار و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران فوویان بە کەڕەنای سەرکەوتندا کردووە و دەرئەنجامی کۆبوونەوەی لۆزان بە مایەی غووروری نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن. سەرۆکی پارلەمان و سەرۆکی دەزگای دادوەری و تەنانەت بەرپرسی ناوەندی فەرماندەیی گشتی سوپاش پیرۆزبایی خۆیان بە بۆنەی ئەو دەسکەوتەوە ڕادەگەیەنن. لەو لاشەوە خامنەیی وەك بڕیاردەری سەرەکیی ئەو وڵاتە باس لەوە دەکات کە پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی ڕاگەیەندراوی دەرئەنجامی کۆبوونەوەی لۆزان کارێکی بێ مانایە و هێشتا زووە بۆ ئەوەی لە تەپڵی سەرکەوتن بدەن و دەڵێت: «نە قبووڵمە و نە ڕەتیشی دەکەمەوە» و هێشتا بەرچاومان لە وردەکارییەکانی ئەم لێکتێگەیشتنە و ڕێککەوتنی داهاتوو ڕوون نییە.

خامنەیی دەقی ڕاگەیەندراوی لایەنی بەرامبەری خۆیان بە ناڕاست و شێوێندراو لەقەڵەم دەدات و بە بەڵێن شکێن و ساختەکار ناوزەدیان دەکات و باس لەوە دەکات کە شەرت و مەرجەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ ئێران نابێت لایەنی نیزامیی و ئەمنیی ئێران لە خۆ بگرێت و هەموو بەرپرسانی نیزامیی ئێران ڕادەسپێرێت ڕێگە بە بیانییەکان نەدەن سنووری ئەمنیی وڵاتی ئێران ببەزێنن و یان پەرەگرتنی سیستمی بەرگریی وڵات ڕابگرن و تەنانەت هەموو دامودەزگا نیزامییەکانی ئێرانی بە ئەرتەش و سوپاوە ڕاسپاردووە کە توانایی نیزامیی و بەرگریی خۆیان پەرە پێبدەن. لەو پەیوەندییەدا جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی ئێران تەنانەت هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شەڕی کردووە و چاوەدێری کردن و سەردانی ناوەند و بنکە نیزامییەکانی ئێرانی بە سووکایەتی کردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و داگیر کردنی وڵاتەکەیان ناوزەد کردووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە پشکنینی ناوەندە نیزامییەمانی ئێران هەردەم یەکێك لە خاڵە گرینگەکان بۆ دانووستان بووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا بە ڕوونی ئاماژە بەوە کراوە کە گەمارۆکانی سەر ئێران ـ تەنیا گەمارۆکانی سەر وزەی ناوکی ـ قۆناغ بە قۆناغ و لە ماوەی ١٢ تا ١٥ ساڵدا هەڵدەپەسێندرێن، کەچی خامنەیی جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە هەمان ڕۆژی واژۆ کردنی ڕێککەوتنی کۆتایی، یەکجێ هەموو گەمارۆکانی سەر وڵاتی ئێران هەڵگیرێن و سەرۆك کۆماریش دەڵێ کە هیچ ڕێککەوتنێك واژۆ ناکەن مەگەر ئەوەی هەموو گەمارۆکانی سەر وڵاتەکەیان هەڵگیرێت. بەو پێیە پاش ١٢ ساڵ هاتوچۆ و چەواشەکاری هێشتاش هیچ بە هیچ نەبووە و وێناچێ ئەم بارە لارە بە سەلامەت بگاتە مەنزڵ.

## هاودیتنی شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە پیرمام کرد و لە لایەن شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی بەڕێز «فازڵ میرانی» سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا. فازڵ میرانی لە لایەن شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتەوە، وێڕای دەربڕینی خوشحاڵی خۆیان لەو سەردانەی شاندی حیزب، دوایین بارودوخی سیاسیی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستان و عێراق و بە تایبەت ئاڵوگۆڕ و کاردانەوەی شەڕی داعش لە سەر کوردستانی خستە بەر باس. شاندی خانەخوێ لە بارەی شەڕی گرووپی تیرۆریستیی داعش لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە هەم لە ئاستی بەرەکانی شەڕ و هەم لە ئاستی کومەڵگەی نێودەوڵەتیدا هاوسەنگیەکە بە قازانجی کورد و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە دەچێتە پێش. هەموار کردنی دەستوور و یاسای پێوەندیدار بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرسێکی دیکەی ئەم دانیشتنەی پێك هێنابوو و شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکرات لەو بارەوە ڕایانگەیاند کە بە نیازن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان



و شارەزایانی ئەو بوارە، ئەو بابەتە بە ڕێکەوتنی نیشتمانی چارەسەر بکەن. پاشان «مستەفا هیجری» وێڕای دەربڕینی پەرۆشی و بە خەم بوونی حیزبی دێموکرات سەبارەت بەو بارودوخە هەستیارەی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت شەڕی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ داعش و ئەو ڕێژە زۆرە شەهید و برینداری هێزی پێشمەرگە، جارێکی دیکە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێم و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دووپات کردەوە. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی هەموار کردنی دەستووری هەرێم و پرسی سەرۆکی هەرێم، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هیوای خواست کە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و بە سینگ فەراوانییەوە و هەست بە بەرپرسایەتی کردن بەرامبەر بە ئەو هەلومەرجە هەستیارەی کە گەلەکەمان تێدایە، بتوانن بە ڕێکەوتنێکی گشتیی ئەو کێشانە چارەسەر بکەن. پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندییەکانی لە ناوچە و بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی عێراق، بەشێکی دیکەی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی لەو دیدارەدا پێك هێنابوو. هیجری لەم بارەیەوە لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە مەبەستی ڕێژیمی ئێران لەم هەوڵانە، لاواز کردن و لە بار بردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە و هاندانی داعش بۆ شەڕ لەگەل هەرێمی کوردستان و ئەو مەترسیانەی کە ئەو ڕێژیمە بە هەموو سیناریۆکانیەوە دژ بە خەلکی کوردستان هەیەتی. مستەفا هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لێکدانەوەیەکی وردی لەسەر هەوڵی ئێران بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و خەرج کردنی سەدان میلیارد دۆلار لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران و دواتریش لە ژێر گوشاری ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی ڕۆژئاوا دا کە هەتا لێواری ڕوخانی بردبوو، ناچارە مل بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ ڕابکێشێت. هیجری لە درێژەی لێکدانەوەکەیدا پێداگری کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چەندە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا نەرمی نواندن و خۆ بە دەستەوەدانی هەبێ، ئەوەندە لە دژی خەڵکی ئێران و دژبەرانی زەبر و زەنگ و توندوتیژی دەنوێنێت. مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەدا لە سەر بەردەوامیی خەباتی گەلی کورد و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، گرینگی دان بە لەقاودانی ناوەڕۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی مافی مرۆڤ، تیرۆریزمی ڕێژیمی ئێران، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێی داگرتەوە.

## مامۆستایانی خورهەڵاتی کوردستان لە مانگرتنی سەراسەریی مامۆستایاندا بەشدارییان کرد

ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، زۆربەی مامۆستایانی پارێزگاکانی ئیلام، سنە، کرماشان و ورمێ بە شێوەیەکی چالاك بەشدارییان لە مانگرتنی سەراسەری مامۆستایانی ئیراندا کرد. مامۆستایانی کورد بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی بەرین، ناڕەزایەتی خۆیان لە هەمبەر بارودۆخی مامۆستایان لە ئێران و کوردستان دەربڕی. مامۆستایانی کورد لە زۆربەی شارەکانی خورهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی چالاك و بەرچاو لە بەردەم ئیدارەی پەروەردەی ئەو شارانەدا کۆبوونەتەوە و بەم شێوەیە ناڕەزایەتیی خۆیان بە شێوەی مانگرتنی گشتیی لە هەمبەر دۆخی مامۆستایان لە ئێران و کوردستان دەربڕیوە.ئەم مانگرتنە لە لایەن مامۆستایانەوە بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بارودۆخی نالەباری ژیانی مامۆستایان و ئابووری ئەم توێژە فەرهەنگییەی کۆمەڵگا بەریوەچووە. هەروەها مامۆستایانی کورد لەو مانگرتنە دا باسی خوێندن بە زمانی کوردیان لە قوتابخانەکان کردووە.

پێشوازیی بەرچاوی مامۆستایانی کوردستان لە مانگرتنی سەراسەری لە ئێراندا لە حاڵێکدایە کە لەو ماوەیەدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەشی حەڕاسەتی ئیدارەکانی پەروەردە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران لە هەمبەر مانگرتنی سەراسەری مامۆستایانی ئێران و کوردستان دژکردەوەیان نیشان داوە و بە بانگهێشت و هەڕەشە لە مامۆستایانی کوردستان لە هەوڵی پێشگرتن لە پێشوازیی مامۆستایانی کوردستان لە مانگرتنی سەرتاسەری مامۆستایان لە ئێراندا بوون. هەروەها پاش بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوی مانگرتنی سەرتاسەری لە ئێران، یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك پشتیوانیی خۆی بۆ ئەو داوا و ویستە ڕەوایەی مامۆستایان دووپات کردبووە و داوای لە مامۆستایانی کوردستانی ئێران کردبوو کە لە مانگرتنی ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێوەدا چالاکانە بەشداری بکەن.



## شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە کۆ بووەوە

ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە شاری هەولێر چاوپێکەوتنی پێك هێنا و لە لایەن بەڕێز «سعود مەلا» سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستان — سووریە و «ئیبراهیم برۆ» سکرتێری پارتی یەکیەتی کورد — سووریە و نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە هەرێمی کوردستان پێشوازییان لێکرا. لەو چاوپێکەوتنەدا کۆمەڵێك



مەسەلەی پەیوەندییدار بە بارودۆخی ناوچە و سیاسەت و هەڵسووکەوتی وڵاتانی ناوچە و دۆزی کورد بە گشتیی و کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی خرایە بەر باس. لە درێژەی ئەم چاوپێکەوتنەدا، لە سەر پێوەندی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە جەخت کرایەوە و پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ مەسەلەی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا و دابین بوونی مافی کورد لەو بەشە لە کوردستان دووپات کرایەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی پارتی وڵات پارێزانی دێموکراتی کوردستانی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی پارتی وڵات پارێزانی دێموکراتی کوردستانی لە هەولێر کرد و لە لایەن شاندێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز «نیزامەدین تاش» ناسراو بە (بوتان) ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەو پارتە پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدارەدا سیاسەت و کردەوەکانی وڵاتانی ناوچە و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بە تایبەت ڕەوتی ئاشتی لە تورکیە و پێویستی هاوکاری و هاودەنگی کورد لەو هەلومەرجەدا کەوتنەبەر باس و هەر دوو لایەن ڕوانگەکانی خۆیان لەسەر ئەم بابەتانە خستە ڕوو.لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا هەر دوو لایەن لە سەر هاوکاری و پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی دوو کەسایەتیی نیشتمانپەروەری کورد

ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی چەکۆ ڕەحیمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە پرسەی «حاجی مەحموود ئاغای سەرۆك هۆزی میرئاودەلی» و «حوسێن ئیبراهیم» لە شاری قەڵادزێ بەشداری کرد.شاندی حیزب پەیامی هاوخەمی و هاودەردی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی بە بنەماڵە و کەس و کاری حاجی مەحموودئاغا ڕاگەیاند. حاجی مەحموود ئاغا یەکێك لە دۆستانی دێرین و وەفادار و یارمەتیدەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتیی و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. حیزبی دێموکرات، یارمەتیدان و پشتیوانی کردنی حاجی ئاغا لە ساڵەکانی ٤٦ — ٤٧ی هەتاوی هەرگیز لە بیر ناکات، بە ڕێزەوە دەڕوانێتە ڕابردووی خوالێخۆش بوو، بۆیە لە دەستدانی ناوبراو لەو کات و ساتەدا بە خەسارێکی گەورە دزانێت. هەر هەمان ڕۆژ شاندی حیزبی دێموکرات بەشداری پرسەی «حوسێن ئیبراهیم» ئامۆزای ڕحیم حاجی خدر کەسایەتیی ناسراوی شاری قەڵادزێ و دۆستی حیزبی کرد و پەیامی هاوخەمی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ ڕاگەیاندن. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، شاندی حیزب لە لایەن هەر دوو بنەماڵەوە بە ڕێزەوە وەرگیراو، ئەوانیش سپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

## شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی ڕۆژنامەی خەباتی کرد

ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی «محەمەد ساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، بە بۆنەی ٥٦ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی ڕۆژنامەی «خەبات» سەردانێکی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە پێکهێنا و لە لایەن «سەلام عەبدوڵڵا» سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات و هاوکارانیەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

بەڕێز قادری بەو بۆنەوە لە لایەن پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە نوێنەرایەتی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هەروەها ڕۆژنامەی «ئاگری» سەر بە حیزبی دێموکراتەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە بەریوەبەرایەتی ڕۆژنامەی خەبات کرد و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی هەر چی زیاتریان لە پێناو خزمەت بە گەل و نیشتمان بۆ بە ئاوات خواست.

## پێشانگایەکی نیگارکێشیی منداڵانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٥ هەتا ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، ناوەندی نێرگز لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا پیشانگایەکی نیگارکێشیی منداڵانی هەر سێ ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەنتەری گەنجانی کۆیە لە ژێر ناوی «چرۆکانی شۆڕش دژ بە ئەنفال» بەڕێوە برد. سەرەتای کرانەوەی ئەم پیشانگایە بە هەڵکردنی چوار مۆم بە یادی شەهیدانی چوارپارچەی کوردستان لە لایەن چوار منداڵی ناوەندی نێرگزەوە دەستی پێکرد. لەم پیشانگایەدا ٣٥٠ بەرهەمی وێنەکێشانی منداڵانی ناوەندی نێرگز بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خرایە بەر دیدی ئامادەبوان. لە بەشێکی ئەم پیشانگایەدا کە بە سەرپەرستیی شۆڕش زەندی، بەرپرسی ناوەندی نێرگز و فەریدە زارعی هاوکاری ئەو ناوەندە بەڕێوەچوو، چەند نموونەیەك لە جەنایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند وێنەیەکدا نمایش کرابوون. هەروەها مەبەست لە بەڕێوەبردنی ئەو پیشانگایە دەربڕینی هاوخەمی بۆ ئەو کارەساتە دڵتەزێنە (ئەنفال) و بۆ بنەماڵەی شەهیدان و نیشاندانی ئاستی توانایی منداڵانی شۆڕش و دەرخستنی چۆنیەتی پەروەردەبوونیانە. لەم پیشانگایەدا نوێنەرانی چەندین حیزب و ڕێکخراو لە شاری کۆیە بەشدارییان کردبوو.

## تەقەی ڕاستەخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم، کوژران و برینداربوونی ٢ هاووڵاتی لێ کەوتەوە

ئاژانسی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، هاووڵاتییەك بە ناوی «ئەبووبەکر»، تەمەن ٢٠ ساڵە و خەڵکی گوندی «مەلاسالار» سەر بە بەخشی زێویەی سەقز لە جاددەی سەقز- دیواندەرە، لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە لە پاسگای «ئێرانشا»، تەقەی لێکراوە و کوژراوە. هەروەها هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە سێ ڕێیانی شاری نەهاوەند لە پارێزگای هەمەدان بە گومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ، ماشێنی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی «تفێن» سەر بە شاری سنە بە ناوی «فەرهەنگ»یان داوەتە بەر تەقە و برینداریان کردووە.

## کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری شاری بانە کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، «کەماڵ خالیدی» کوڕی «عەبدولقادر» و خەڵکی شاری بانە لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە شاری ورمێ ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاك کەماڵ خالیدی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە شاری بانە لە دایك بوو. نابراو ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی بە هۆی چالاکیی سیاسیی و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا زێدی خۆی بەجێهێشت و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بوو. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، بۆ شاری «ئەزنا»ی پارێزگای لۆرستان دوور خرایەوە و وێڕای سەختی ژیانی توانی لە کۆنکووری سەرتاسەری سەرکەوتوو بێت و بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە تاران و هەر لەو ساڵانەدا بابەتێکی زانستی ئەو پلەی یەکەمی پێ بەخشرا. ناوبراو دوای وەرگرتنی مەدرەکی کارناسی باڵا لە بواری پەروەردە و فێرکردن وەك بەرپرسی ڕاوێژکاری پەروەردە و فێرکردنی سنە دەست بەکار بوو و هاوکات لە زانکۆی رازی کرماشان وانەی دەگووتەوە و پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی چووە وڵاتی ئامریکا. دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پەهلەوی و خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران پێوەندیی بە حێزبەوە کرد و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە شاری سنەدا گێڕا. لە سەردەمی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکراتدا بەرپرسی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزب بوو بە دەیان مامۆستای شۆڕش لە ژێر سەرپەرستیی ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە لە گوندەکانی کوردستان وانەیان بە منداڵان دەگووتەوە. لەو ماوەیەدا کاك کەماڵ ٤ کتێبی کوردی بۆ ٤ ساڵ خوێندنی سەرەتایی نووسی کە بێ گومان وەك بەڵگەنامە و سەرچاوەیەکی گرینگ لێ دەڕواندرێت. ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بە هۆی گوشاری ڕێژیم بۆ سەر بنەماڵەی گەڕایەوە بۆ سەقز و دواتر لە گۆڤاری سروە دەستی دایە چالاکی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کەماڵ خالیدی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## سێ چالاکی سیاسیی کورد بە سێدارە مەحکووم کران

سێ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی مەهاباد لە لایەن دادگای شۆڕشی ئەو شارەوە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ بڕایەوە. «سابیر شێخ عەبدوڵڵا»، «حوسێن عوسمانی» و «دیاکۆ ڕەسووڵ زادە»، لە لایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی ڕێژیمی ئێران لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی دادوەر «ئەحمەد جەوادکیا» بە تۆمەتی «موحاربە و ئەندامەتی لە یەکێك لە حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سزای ئیعدامیان بە سەردا سەپا.

## چالاکێکی کورد سزای ٣ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا

بەپێی ڕاپۆرتی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، عەلی خۆشنەمەك چالاکی سیاسی کورد دانیشتووی شاری مەریوان لە لایەن دادگای شۆڕشی مەریوانەوە سزای ٣ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا. ناوبراو بە تۆمەتی «هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران و پڕۆپاگەندا دژی نیزام» سزای ٣ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە.

## سێ ئەندامی بنەماڵەیەکی حیزبی دێموکرات لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست دا

ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، سوهەیلا شریف زادە، ئەندامی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان، تەمەن ٢١ ساڵ، کچی سمایل شریف زادە ناسراو بە «قالە سوور» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و هاوسەری سیروان حەقانی، ئەندامی حیزبی دێموکرات بە هۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە جاددەی مەسیف ـ هەولێر، گیانی لەدەست دا. هەر لەم ڕووداوەدا منداڵێکی سوهەیلا شەریفزادە، بە ناوی «سینا حەقانی» تەمەن دوو ساڵ و ژنێکی دیکەش بە ناوی «مێهری عزەدینی» هاوسەری پەیمان دافێعی، ئەندامی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی پێشووی حیزب، گیانیان لە دەست داوە. تەرمی سوهەیلا و کوڕەکەی لە گۆڕستانی «شەهیدان»ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و ئەندامانی حیزب بە خاك سپێردران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری سوهەیلا شەریفزادە و مێهری عزەدینی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، «بایز محەممەدی» باوکی شەهید «مستەفا محەممەدی» ناسراو بە «قەزا» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی گوندی «دڵاوان» سەر بە ناوچەی پیرانشار لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و خزم و دۆستان بە خاك سپێردرا. مام بایز کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو و جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و ڕێزێکی تایبەتی لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا هەبوو. شەهید «مستەفا محەممەدی» ساڵی١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی «دڵاوان» لە دایك بوو. ناوبراو پاش پەیوەست بوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە ڕێکەوتی ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٠ی هەتاویدا، لە شەڕێکی قارەمانانە بە دژی هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیمی ئێران لە «قۆبە» شەهید کرا وگڵکۆی لە گردە سووری پیرانشارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری مام بایز دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، «وەستا ڕەسووڵ بامە» کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی شاری «مەهاباد» بە هۆی نەخۆشییەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد. وەستا ڕەسووڵ کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد بوو و بە هۆی قەبووڵ نەکردنی زوڵمی حکوومەتی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی ئاوارەی باشووری کوردستان دەبێت و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دیسان دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات و دوای داگیرکردنی کوردستان لە لایەن هێزە سەرکوت کەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دیسان ڕوو لە باشووری کوردستان دەکاتەوە و لە ناوچەکانی قەڵادزێ و سەنگەسەر نیشتەجێ دەبێت. ناوبراو وەك دڵسۆزێکی نیشتمانپەروەر لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە لە فێرگەی کۆمیسۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی درێژەی بە خزمەت دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەو کەسایەتییە خۆشناو و نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە ناوچەی پاوە کەسایەتییەکی ئایینی کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوە کەسایەتییەکی ئایینی و نیشتمانپەروەری خەڵکی گوندی «ساتیاری» ناوچەی باینگان لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لەنێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. ناوبراو یەکێك لەو مامۆستا ئایینی و نیشتمانپەروەرانە بوو کە بە درێژایی تەمەنی خزمەتی بە گەل و نیشتمانەکەی کرد و لە گوندی ساتیاری پیش نوێژیی مزگەوتی دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا مەلا سەدیق نەسری دەکات و خۆی بە شریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، «حاجی عەبدۆلکەریم شەهابی» باوکی شەهید «عەلی شەهابی» لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و خزم و دۆستانی بە خاك سپێردرا. حاجی عەبدۆلکەریم کەسایەتییەکی خۆشناو و جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و دەیان جار لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە. شەهید عەلی شەهابی ساڵی ١٣٤٦ لە گوندی سەیدئاوا سەر بە شاری بۆکان لە دایك بوو. ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و سەرپەلی پەلێك لە پێشمەرگەکانی حیزب بوو. عەلی شەهابی لە ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە پیر چۆپان شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری حاجی عەبدۆلکەریم دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی ٣ی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، مەنجوول کەڵەشی تەمەن ٤١ ساڵ و کچی «مەحموود»، خێزانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات «قاسم کەڵەشی» لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری گوندی «کورەی سەرێ»ی ناوچەی ئەنزەلی ورمێ لە دایك بووە و هەر لە منداڵییەوە بە ڕێبازی دێموکرات ئاشنا ببوو. کوڕە مامێکی خاتوو مەنجوول بەناوی «کەرەم» شەهیدی حیزبی دێمۆکراتە و هەروەها برایەکیشی لە نێو ڕیزەکانی دێموکراتدا کەم ئەندام بووە و ئێستا ئەندامی حیزبە و لە ئوروپا دەژیت. خاتوو مەنجوول ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لەگەڵ کاك قاسم کەڵەشی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە و لەو کاتەوە تا ئێستا هەم ئەندامی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب بووە و هەم ئەندامی یەکیەتیی ژنان بووە و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات وەفادار بوو. تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیدا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە جێژنیکان ئەسپێردەی خاك کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خاتوو مەنجوول دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، محەممەد ڕەزا مورادی باوکی شەهید «سەعدی مورادی» خەڵکی گوندی «شیان» سەر بە ژاوەرۆی سنە لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی سنە کۆچی دوایی کرد. تەرمی محەممەد ڕەزا مورادی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و خزم و کەس و کار و دۆستانی بە خاك سپێردرا. شەهید سەعدی مورادی،لە ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا لە ڕێگای نێوان دووکان ـ سلێمانی لە هێرش بۆ سەر پاسێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە شەهید دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری محەممەد رەزا مورادی دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «نەقی خوسرەوی» کوڕی «ئەڵڵا موراد» خەڵکی گوندی «شەڕەکان» سەر بە شاری نەوسوود کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ هەتا ١٣٤٧ هەتاویدا خەریکی تێکۆشانی حیزبی بووە و وەك ئەندامێکی چالاك کاری کردووە و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و ئاشکرابوونی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دواتریش دامەزراندنی هێزەکانی پێشمەرگە، نەقی خوسرەوی سەرەتا وەك ئەندامی ڕێکخراوی گوندی «شەڕەکان» دەستی بە تێکۆشان کردووە و دواتریش لە هێزی «شاهۆ»دا وەك پێشمەرگە سازمان درا و ڕۆڵێکی باشی لە ناوچەکەدا هەبوو. کاك نەقی خوسرەوی لە هەموو شەڕ و بەرەنگاربوونەوەکانیدا لە دژی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا بەشدار بووە و جارێکیش بە توندی بریندار بوو. ناوبراو لە جەریانی شەڕی هەڵەبجەدا لە کاتی گەمارۆی هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەرەڕای برینداربوونی دەست و لاقێکی توانی خۆی رزگار بکات و تێکەڵ بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بێتەوە. نەقی خوسرەوی لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاویدا لەسەر ئیجازەی حیزبی دێموکرات گەڕایەوە ناو بنەماڵەکەی خۆی لە گوندی شەڕەکان. کاك نەقی دوای گەرانەوەی بۆ ناوخۆ دەستی لە خەبات و تێکوشانی نهێنی حیزب هەڵنەگرت و پێوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبەوە گرت و تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزب مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری کاك نەقی دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزب لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەستدا

ڕێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوە جەواد ئیبراهیمی، کوڕی ئاغاجان ئەندامی حیزبی دێموکرات سەر کە بە مەبەستیی بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی سەردانی ناوەندی ٣ی کوردستانی کردبوو و دەگەڕایەوە بۆ گردەچاڵ، لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لە دەستدا. تەرمی جەواد ئیبراهیمی لە نێو ئاپۆرای هاوسەنگەرەکانیدا لە گۆرستانی شەهیدانی حیزبی دێمۆکرات لە نزیك گوندی جێژنیکان ئەسپەردەی خاك کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵە، کەسوکار و دۆستانی جەواد ئیبراهیمی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# وتووێژی ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەمەڕ کتێبی «نسکۆ و دابڕان» لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

وتووێژ: کوردستان میدیا

**کوردستان میدیا: کتێبێکی ئێوە لەم دواییانەدا بە ناوی «نسکۆو دابڕان» بڵاوکرایەوە و دەنگ و باسێکی بەرفراوانی لە نێو خوێنەراندا هێناوەتە پێش و هەرکەسە و هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر بڵاو کردنەوە و نێوەرۆکی ئەو کتێبە هەیە، چۆن بوو کە لەم کاتەدا ئەم کتێبەتان بڵاو کردەوە؟**

**مستەفا هیجری:** وەك ئاگادارن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە نێزیك بە ٩ ساڵ لەوەپێش(١٣٨٥ی هەتاوی ) لە حیزب جیابوونەوە زیاتر لە ساڵێکە لە ووتوێژداین، بە مەبەستی یەکگرتنەوەی دووبارە، ئەگەر ئەو وتووێژانە بە ئامانج کراوە. بۆیە بە پێویستم زانی، پێش یەکگرتنەوە ئەو کتێبە بگا بەدەستی خەڵك، بۆ ئەوەی داوەری ئەوان لە ڕووی سەرچاوەیەکی یەك لایەنەی جیابووەکان نەبێ.

ڕەنگ بێ ئەگەر کەسانێکی دیکە لە حیزبی دێموکرات زەحمەتیان کیشابا و لە وڵامی بڵاوکراوەکانی هاوڕێیانی جیابووە و ئەو تاوانبارکردنە ناعادڵانەی یەك لایەنەیەی ئەوان نووسیبایان یان ئەگەر ئەو هاوڕێیانە پێشتر بەم شێوەیە بە نووسینەکانیان، ئەو بەشە لە مێژووی حیزبیان چەواشە نەکردبایە و لە جیاتی داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان، لەو کردەوە پڕ زەرەرو زیانەیان بۆ جووڵانەوەی کورد، هەموو تاوانی جیابوونەوەکانیان نەخستبایە سەر ملی حیزبی دێموکرات، من ئەو کە لەبەر بەرژەوەندی نیشتمانی ـ نەك بەرژەوندی کەس یان گرووپێك ـ هێندێك زانیاری بۆ ماوەیەك ئاشکرا ناکرێن، بەڵام پێویستە لە کاتی خۆیدا ئەو زانیاریانە بە دروستی بدرێن بە خەڵك. بە تایبەت بۆ منیش گرنگ بوو کە تا چەند کەس لەوانەی پێشتر لانیکەم مێژووی دوو جیابوونەوەی ساڵەکانی ١٣٦٧و ١٣٨٥ یان چەواشە کردووە لە ژیاندا ماون کتێبی «نسکۆو دابڕان» ببینن و ئەگەر هەڵەیەکی تێدا کراوە بۆچوونی خۆیانی لەسەر بنووسن. من لە ئێستاوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە نووسینەکانیان هەڵەکانی ئەو کتێبە ڕاست بکەنەوە، یان بۆ منی بنێرن تا لە چاپەکانی دیکەدا کەڵکیان لێوەربگرم و کتێبەکە دەوڵەمەندتر بکەم.

هەر ئامادەبووین بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی وتووێژەکان.

**کوردستان میدیا : هاوڕێیانی پێشوومان زۆر ڕەخنەیان لەوە گرتووە کە لەو بەشەی کتێبەکەدا کە تەرخان کراوە بە جیابوونەوەی دوایی (ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی) بێ ڕێزیتان بە هێندێك کەسایەتی ئەو لایەنە کردووە، ئایا ئەو ڕەخنەیە لە جێی خۆی دایە؟**

**مستەفا هیجری:** مەبەستی من لە نووسینی ئەو کتێبە بێ ڕێزی کردن بە هیچ کەس نەبووە، بەڵکوو وەك لە وڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی پێشووی ئێوەدا و هەروەها سەرەتای کتێبەکەدا نووسیومە، دانی هێندێك زانیاری لەسەرچەند ڕووداوی مێژوویی بیست و هەشت ساڵی ئەم دواییانەی حیزب بووە کە پێویستە خەڵك لێی خۆی، وەك بۆخۆی دەڵی حیزب «لەت» دەکا و ئەو کارەساتە پێك دێنی «سەرشۆڕی» نیە، چ ناوێکی دیکەی دەتوانی لەسەر دابنێی؟

**کوردستان میدیا: پرسیارێکی دیکە کە ڕەنگە پرسیاری هێندێك لە خوێنەرانی کتێبی نسکۆ ودابڕانیش بێ ئەوەیە، ئایا دەتوانین بڵێین نێوەرۆکی ئەو کتێبە ڕای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە یان تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕای بەڕێزتانە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو کتێبە لەسەر ئەرکی خۆم چاپکراوە و دەربڕی ڕای خۆمە و لەبەرانبەر هەموویدا بەرپرسم، جا ڕەنگە لە نێو ڕێبەرایەتی حیزبیشدا وەك هەموو خوێنەرانی بەڕێزی دیکەی کتێبەکە، کەسانێك لەسەر هێندێك دانیشتنی دوو بە دوومان لەگەڵ کاك خالید لەلایەن ئێمەوە بە هیچ جۆرێك نەگوتراوە کە ئێمە ئەو پێشنیارە دەبەینە پلنیۆم کە بڵێین « دێموکراتەکان»، چوونکە ئەو بابەتە « لانی کەم تا ئێستا» لە حیزبی دێموکراتدا وەرناگیرێ، لە حاڵێکدا کاك خالید لە وتووێژەکەدا وادەنوێنێ کە لەو دوو دانیشتنەدا ئەو خاڵە تەوافوقی لەسەر کراوەو دەڵێ:

«بەڵام بەداخەوە کاتێك ئەوان ماوەیەك پێش ئێستا پلینۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتە دەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، «هاوڕێیانی پێشوو» دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاك مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووە و نە هیچ تەوافوقێکمان

**ئەوانەی لە ڕابردوودا بۆ پێخۆشبوونی کەسانێک یان بەدژی کەسانێکی دیکە مێژووی نەتەوەیی خۆیان چەواشە کردووە و ڕاستییەکانیان لە خەڵک شاردووەتەوە نەک هەر خزمەتیان بە خەڵک نەکردووە، بەڵکوو مافیان زەوت کردوون**



**مەبەستی من لە نووسینی ئەو کتێبە بێ ڕێزی کردن بە هیچ کەس نەبووە، بەڵکوو وەک لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی پێشووی ئێوەدا و هەروەها سەرەتای کتێبەکەدا نووسیومە، دانی هێندێک زانیاری لەسەرچەند ڕووداوی مێژوویی بیست و هەشت ساڵی ئەم دواییانەی حیزب بووە کە پێویستە خەڵک لێی ئاگادار بن و ڕاست کردنەوەی هێندێک چەواشەکارییە**

بگەن ـ کە هیوادارم وابێ۔ دیارە دوای یەکگرتنەوە بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەو بابەتانەی کە لە نێوەرۆکی کتێبەکەدا هاتوون سەبارەت بە جیابوونەوەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی نێزیك بە سێ دەیەی ئەم دواییانەدا باش نەدەبوو ئەو کتێبە بڵاو بکرێتەوە چوونکە لێکدانەوەکانی من لەسەر هۆ و کاراکتێرەکانی جیابوونەوەکان لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئەوان کە لەو پێوەندییەدا ـ تا ئێستا ـ بڵاویان کردووەتەوە بە تەواوی لەگەڵ یەکتر ناتەبان و لەوانەیە بووبا بە هۆی کێشەیەکی نوێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. بەم چەشنە نووسینەکانی ئەوان لەسەر هۆی جیابوونەوەکان کە زۆرتر چەواشەکاری لە مێژووی سی ساڵەی حیزبە و لە ڕاستای شەرعیەتدان بە جیابوونەوەیەکن کە هەرکام لە کاتی خۆیدا زەربە و زیانی زۆریان لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان داو، زۆر بابەتی گرینگی دیکە لەو ماوەیەدا، بۆ گەلی کورد و تەنانەت زۆرێك لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات هەروەك زۆر لایەنی مێژوویی کورد هەروا بە شاراوەیی دەمانەوە. بە پێی بڵاوکراوەکانی لایەنە جیابووەکان حیزبی دێموکرات بە هۆکاری ئەم دابڕانانە تۆمەتبار کتێبە یان لانیکەم ئەو بەشانەی کە پێوەندییان بە جیابوونەوەکانە نەمنووسیبان.

**کوردستان میدیا : بەڵام ئایا نەدەکرا نووسینەکانتان لەو بەشە لە کتێبەکە بە شێوەیەك بووایە کە نەبێتە هۆی دڵنیگەرانی ئەو هاوڕێیانە کە ئێستا لەگەڵیان لە وتووێژدان بە مەبەستی یەکگرتنەوە؟**

**مستەفا هیجری:** من لەو باوەڕەدام کە لە نووسینەوەی مێژوودا پێویستە ڕاستییەکان بخرێنە بەرچاوی خوێنەر بۆ ئەوەی خەڵك لە ڕاستییەکانی مێژووی خۆیان ئاگادار بن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دڵخۆش کردن یان ڕەنجاندنی کەس یان کەسانێك. منیش لە نووسینی ئەو کتێبە تەنیا مەبەستم ئاشکرا کردنی وردەکارییەکانی ئەم چەند ڕووداوەی حیزبی دێموکرات بووە، کە بۆ خۆم لە نێویاندا بووم و لێیان ئاگادارم. پێم وایە خەڵك مافی خۆیەتی لە ڕاستی ڕووداوەکانی مێژوویی خۆی ئاگادار بێ، ئەوانەی لە ڕابردوودا بۆ پێخۆشبوونی کەسانێك یان بەدژی کەسانێکی دیکە مێژووی نەتەوەیی خۆیان چەواشە کردووە و ڕاستییەکانیان لە خەڵك شاردوەتەوە نەك هەر خزمەتیان بە خەڵك نەکردووە، بەڵکوو مافیان زەوت کردوون، بەداخەوە مێژوو پڕە لەو ماف زەوت کردنانە لە لایەن هێندێ لە مێژوونووسانەوە.

دیارە لێرە قسەم لەسەر ئەوە نیە

**کوردستان میدیا: لەو باوەڕەدانین کە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە نیگەرانییان لە بەرەوپێشچوونی ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزب لەگەڵ لایەنی جیابووە بۆ بێتە پێش؟**

**مستەفا هیجری:** ئەگەر مەبەستی هاوڕێیانی پێشوومان کە لە دوو جیابوونەوەی دواییدا بەشدار بوون، بەدوای بەهانەدا گەڕان بۆ دواخستنی وتووێژەکان نەبێ، بە بڕوای من خوێندنەوەی ئەو کتێبە نەك هەر نابێ ببێتە هۆی ئەو نیگەرانییە، بەڵکوو بەپێچەوانە دوای خوێندنەوی «نسکۆو دابڕان» باشتر لە هۆیەکانی جیابوونەوەکان شارەزا دەبن و بە شارەزایی و چاوکراوەییەوە قسە لەسەر یەکگرتنەوە دەکەن. ئەو پرسە زۆر گرینگە کە ئەگەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد بەگشتی و نەوەکانی داهاتووش کە نووسینەکانی کەسایەتییەکانی ئەو لایەنەیان خوێندوەتەوە کە لەو نووسینانەدا هەموو خەتاکانی جیابوونەوەکانیان خستووەتە سەر حیزب و خۆیان بێ هەڵە و خەتا نیشانداوە، بزانن ڕاستییەکان شتێکی دیکەن. سەرەڕای ئەوە ئێمە کتێبی «ئەزموونی خەبات» کە وڵامی پرسیارەکانە کە لە عەبدوڵڵا حەسەنزادە کراوە لە خۆ دەگرێ خوێندمانەوە، بەڵام بەو حاڵەش ئاگادار بن و ڕاست کردنەوەی هێندێك چەواشەکاری کە کەسانێك پێشتر لە نووسینەکانی خۆیاندا لەو پێوەندییەدا کرد بوویان. ئەوەی بۆ خۆشم بیستوومەتەوە وابزانم ئەو ڕەخنەیە زۆرتر لە بەکارهێنانی وشەی «سەرشۆڕی»یە کە بۆ کاراکتێری سەرەکی جیابوونەوەکەی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لە کتێبەکەدا هاتووە، ڕاستییەکەی من نێوەرۆکی ئەو تەعبیرەم هەر لە قسەکانی ئەو کاراکتێرە نەتیجە وەرگرتووە، ئەو کەسایەتییە هەروەك لەو بەشەی نسکۆ و دابڕاندا هاتووە، لە کۆبوونەوەیەکدا کە دوای یەکگرتنەوەی ساڵی ١٣٧٥ پێکهات باس لەوە دەکا ئێستا کە یەکگرتنەوەکە بە ئامانج گەیشتووە هەموومان سەربەرزین «دیارە مەبەست زۆرتر سەربەرزی خۆیەتی کە لە ڕاستیدا بەوشێوە و مەبەستەی لە کتێبەکەدا هاتووە، هەوڵێکی زۆری بۆ یەکگرتنەوە دا» ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و ئەو هاوڕێیانەی کە بەدوای کۆنگرەی هەشت جیابوونەوە و ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ» یان لەسەر خۆیان دانا، سەربەرزییە، هەمان کاراکتێر دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزب، نەك لەبەر کێشەی سیاسی، بەڵکوو تەنیا لەبەر بەرژەوەندی تاقمی خاڵ یان بابەت تێبینی خۆیان هەبێ، ئەوە مافی خۆیانە.

**کوردستان میدیا: بەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «نسکۆ و دابڕان» کاك خالید عەزیزی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەویزیونی «کورد کاناڵ» لەسەر زۆر بابەت سەبارەت بە پرۆسەی وتووێژی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنی خۆیان و بەتایبەت ڕەخنەیان لە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە گرتووە ئێوە ئەو وتووێژەتان بیستووە؟ ئەگەر بیستووتانە بۆچوونتان لەسەری چیە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، هەم وتوویژەکەم گوێ لێ گرتووە و هەم خوێندوومەتەوە، لەسەر قسەکانی کاك خالید تێبینی زۆرم هەیە، بەڵام جارێ تەنیا لەسەر چەند خاڵێك لەو وتووێژە قسە دەکەم کە پێموایە بۆ گوێگرانی ئەو وتووێژە ڕوونکردنەوەیەکە و ئەگەر پێویست بوو باقییەکەی لە کاتێکی دیکەدا قسەیان لەسەر دەکەم:

یەکەم ـ لە دانیشتنی پێکەوەی دوو دەفتەری سیاسیدا کۆمەڵێك بابەت باس کراون و ئەوەش ڕاستە کە لەلایەن ئێمەوە گوترا کە بڕیاردان لەسەر بەشێك لەو خاڵانەی باسی کردوون لە سەلاحیەتی کۆمیتەی ناوەندیدایە، بۆیە ئێمە ئەو خاڵانە دەخەینە بەرچاوی پلنیۆم و لە ئاکامەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە. بەڵام نە لەو کۆبوونەوەیە و نە لە هەبووە و نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەك دانیشتووین.»

لە حاڵێکدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەر دوولا و کاك خالیدیش باش لە بیریانە دوای باسێکی زۆر لە کۆبوونەوەی هەر دوو دەفتەری سیاسیدا، یەك لە هاوڕێیانی هەیئەتی ئەوان ئەو پیشنیارەی هێنا ئاراوە، من زۆر بە ڕوونی وڵامم داوە کە ئەگەر لە وتوێژەکانماندا لەسەر هەموو خاڵەکان ڕێککەوتین پێم وانیە کۆمیتەی ناوەندی ئێمە لەسەر ئەو داوایە و لە بەیانیەی یەکگرتنەوەدا ئەو کارە گەورەیە لەسەر خاڵێکی وا پەك بخا. لەحاڵێکدا کاك خالید هەر لەو وتووێژەدا و زۆر جاری دیکەش باس لەوە دەکا کە: « لە حاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێك داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بە ڕەسمی بناسن.»

دووهەم: لە وڵامی پرسیارێکی دیکەی کوردکاناڵ کاك خالید باس لە نامەیەك دەکا کە بۆ ئێمەیان ناردوە و دوو پێشنیاریان هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام لەلایەن ئێمەوە هێچ وڵامێکیان پێ نەگەیشتۆتەوە، بۆیە کاك خالید گلەیی دەکا. ئەو گلەییە بەجێییە و پێویست بوو ئێمە زووتر وڵامیان لێ بگێڕینەوە، بەڵام ئەم وڵامنەدانەوە بە هۆی کەمتەرخەمی، فەرامۆش کردن یان هەر هۆیەکی دیکە بێ وەدوا کەوت.



# نێوەرۆکی تەفاهومنامەی لۆزان دەری دەخات که دۆڕاوی سەرەکی ڕێژیمی ئێرانە

وتووێژ: کوردستان میدیا

**ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی و وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ تەفاهومنامەی وڵاتانی ١+٥ و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وتووێژێکی پێک هێناوە. دەقی وتووێژەکەی بەڕێزیان دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی کوردستان.**

**کوردستان میدیا: کاک حەسەن وەک ئاگادارن ڕۆژی پێنجشەممەی حەفتەی ڕابردوو، ١٣ی خاکەلێوە بەرامبەر بە ٢ی ئاوریلی ٢٠١٥ی زایینی، پاش وتووێژێکی درێژماوە، تەفاهومنامەیەک لە نێوان گرووپی ١+٥ و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناوکی ڕاگەیەندرا. بەڕای جەنابت ئەوەی ڕاگەیەندرا هەموو ئەو بابەتەن کە وتووێژیان لەسەر کراوە و لەسەری بە تەفاهوم گەیشتوون؟**

**حەسەن شەرەفی:** ئەوەی وەک تەفاهومنامە ڕاگەیەندرا، وێناچی هەموو ئەو بابەتانەی لەخۆ گرتبێ کە باسیان لەسەر کراوە و لەسەری بە تەفاهوم گەیشتوون، چوونکە پێش ڕاگەیاندنی تەفاهومنامەکە باسیان لەوە کرد کە ڕێککەوتوون چ بەشێک لە تەفاهومنامەکە ڕابگەیەنن و چ بەشێکی ڕانەگەیەنن.

**کوردستان میدیا: لێدوانەکانی بەرپرسانی ئامریکا و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو بەشەش لە تەفاهومنامەکە کە ڕاگەیەندرا، جیاوازییان پێوە دیارە، چۆنە هەر لایەک بە جۆرێک خاڵەکانی ئەو تەفاهومنامەیە بەیان دەکات؟**

**حەسەن شەرەفی:** ئەوەی لەسەرەتادا لەلایەن نوێنەری یەکیەتیی ئورووپا و وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕاگەیەندرا جیاوازییەکی بەرچاویان پێوە دیار نەبوو، بەڵام دواتر کە هەرکام لە وەزیرانی دەرەوەی ئامریکا و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە جیا لێدوانیان لەسەردا جیاوازیی پێوە دیار بوو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرکام زیاتر بۆ بەردەنگانی خۆیان دواون.

دەزانین کە هەم لە ئەمریکا و هەمیش لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا هێندێ لایەن و چەند ئۆرگانێکی شوێندانەر لە ئاکامی وتووێژەکان ناڕازین و لە ڕاستیدا هەر لایەنێک لە لێدوانەکانیاندا بە جۆرێک لە خاڵەکانی تەفاهومنامەکە دەدوێن کە بەردەنگانی خۆیان ئەگەر ڕازیش نەکەن، بێدەنگیان بکەن.

**کوردستان میدیا: لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی وەک تەفاهومنانە ڕاگەیەندرا جیا لەوەی هەرکام چۆنی باس دەکەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆنی لێک دەداتەوە؟**

**حەسەن شەرەفی:** نێوەرۆکی ئەو تەفاهومەنامەیەی کە ڕاگەیەندرا دەری دەخا کە دۆڕاوی سەرەکیی ئەم پرسە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، هەرچەند ئەو ڕێژیمە بە درێژایی تەمەنی هەر دۆڕانێکیشی هەر بە براوە داناوە و خەڵکی پێ چەواشە کردووە، بەڵام دەزانن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەمێژە هەڵوەدای چالاکیی ناوکییە و زیاتر لە ١٢ ساڵیشە سەدان میلیارد دۆلاری لە سامانی خەڵکی ئێران لەو ڕێگایەدا بە فیڕۆ داوە و خەرجی کردوە. هەر لەو پەیوەندیەدا گیروگرفتی بەرچاویشی بۆ خۆی و زیاتر بۆ خەڵکی ئێران پێکهێناوە، بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانیشەوە میلیاردها دۆلار زیانی بە خەڵکی ئێران گەیاند، ژیانی خەڵکی لەگەڵ تەنگەژە بەرەوڕوو کردووە، بێکاری پەرەی گرت و زۆر پڕۆژە ڕاوەستان. ئێستا بە قەبوولی ئەو تەفاهومنامەیە هاتووەتەوە خاڵی سفر، یانی ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا و پێش ئەوەی ئەو هەموو ساڵە ئەو هەموو زیانەی بە خەڵکی ئێران گەیاندبا، ملی بۆ ڕێکەوتنێکی بە نێوەرۆکی ئەو تەفاهومنامەیە ڕاکێشابا نە ئەو زیانانە بە خەڵک و سامانی ئێران دەکەوت و نە ئەو هەموو گیروگرفتەی لەگەڵ دونیای دەرەوە پێک دێنا.

**کوردستان میدیا: ڕاستە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ملبادانی خۆی و بە هێندنەگرتنی داخوازەکانی دونیای دەرەوە و گاڵتەکردن بە بڕیاراتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە « کاغەز پارە»، ناوبردنی بڕیاری گەمارۆکان و تەنانەت گەمارۆکانی بە هۆی گەشە کردن و خۆدکەفایی ناودەبرد و لە ئاکامدا ئەو زیانانەی بەرەوڕووی خەڵکی ئێران کردەوە کە باست کرد، بەڵام نەفسی تەفاهومنامەکە چۆنە و بە چ شێوەیەک داڕێژراوە؟**

**حەسەن شەرەفی:** تەفاهومنامەکە بە جۆرێک ئامادە کراوە کە ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران قبووڵی کردووە هەمووی بەرعوهدە بوونە( تعهد)، بەڵام لایەنی بەرانبەر یانی ١+٥ ئەوەی قبووڵی کردوە یا بەرتەسکە یا مەرجدارە یا هەڵپەساردنە و هەمووی بەستراوەتەوە بە جێبەجێ کردنی ئەو مەرجانەی بۆی دانراوە، چ لە ڕادەی سانتریفیوژەکان و چ لە پەیوەندی لەگەڵ پیتاندنی ئۆرانیۆم و زۆر مەسەلەی دیکەی پەیوەندیدار بەم بابەتە کە ئێران ئەگەر نەڵێین بۆ هەمیشە، بۆ ١٠ تا ١٥ ساڵی دیکە ڕێگا لە پەرەپێدان بە فەنناوەریی ناوکی لە ئێراندا بەربەست دەکا.

**کوردستان میدیا: بەڵام لابردنی گەمارۆکان ئەویش لەو هەلومەرجە نالەبارە ئابوورییەی کە ڕێژیمی ئیسلامی تێیدایە دەتوانێ گیانێکی دیکە بە جەستەی شپرزەی ئابووری ئێراندا بکاتەوە، لەو بارەوە ڕاتان چییە؟**

> **ئەو ڕێژیمە بە درێژایی تەمەنی هەر دۆڕانێکیشی هەر بە براوە داناوە و خەڵکی پێ چەواشە کردووە**

**حەسەن شەرەفی:** دیارە ئەو هەلومەرجە ئابوورییە باست کرد دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکات کە ئەو تەفاهومنامەیە تا ٣ مانگی دیکە بگاتە ڕێککەوتنامەیەکی گشتگیر بە وردەکارییەکانییەوە، ئەو کاتیش وێ ناچێ گەمارۆکان یەکجێ و بە تەواوی لابچن، بەڵام ئاساییە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکان قۆناغ بە قۆناغیش لابچن شوێندانەریی ئەرێنیان لەسەر وەزعی ئابووری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەبێ. بۆیە ناڵێم ئێران دەڵێم ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، چوونکە ئابووریی ئێران کەمتر لە خزمەتی خەڵکی ئێراندایە، بەڵکوو زیاتر لە خزمەت ڕێژیم و دامودەزگاکانی پارێزەری ئەم ڕێژیمەدایە. بەوحاڵەش لاچوونی گەمارۆکان تا ڕادەیەکی کەم شوێنی ئەرێنی لەسەر بازار و بژێوی خەڵک دادەنێ، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە گرفتی سەرەکیی خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی کەمتر ماددی و مەعیشەتی، بەڵکوو زیاتر سیاسی و نەبوونی ئازادی و درێژەی ماف‌پێشێلکارییەکانی ڕێژیمە کە وێناچێ بە دوای ئەو ڕێککەوتننامەیەش کە بەڕێوەیە ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بەسەردا بێت و کرانەوەیەکی سیاسی بەدوای خۆیدا بێنێ، بە پێچەوانە تاقیکاری نیشانی داوە هەرچی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران داشکاندن بەرانبەر بە دونیای دەرەوە و وڵاتانی دیکە لە خۆی نیشان بدا، فشار و زەخت و زۆری لە نێوخۆ بەرانبەر بە خەڵکی ئێران و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە زیاتر دەکات.

ئەگەر چۆن ڕێژیمی ئیسلامی ئامادە بووە لەبەرانبەر دونیای دەرەوە و وڵاتاندا مل کەچ بکا هەر بەو جۆرەش ملی بۆ داخوازە سیاسی و دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێرانیش ڕاکێشابا دەکرا بڵێین کە ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمی ئیسلامی‌دا پێکهاتووە و ژیانی خەڵک گۆڕانێکی ئەرێنی بەسەردا هاتووە.

**کوردستان میدیا: باسی ئەوەت کرد کە باشبوونی وەزعی ئابووری، زیاتر ڕێژیم کەڵکی لێ وەردەگرێ تا خەڵکی ئێران، مەبەستت چییە؟**

**حەسەن شەرەفی:** مەبەستم ئەوەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی پتر لە خەڵکی ئێران گرینگیی بە سیاسەت و کردەوەکانی خۆی دەدا و سامانی وڵاتیشی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، بۆیە باشبوونی وەزعی ئابووری ڕێژیم دەستی ڕێژیمی ئیسلامی ئاوەڵاتر دەکا لە یارمەتیدانی دەستە و گرووپە توندڕەوەکانی ناوچە، گرووپە تێرۆریستەکان، دەخاڵەت و دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری وڵاتان و ئاژاوەنانەوە و نائەمنتر کردنی ناوچەکە.

ئێمە هیوادارین چۆن کۆمەڵگای جیهانی و بە تایبەت وڵاتانی ١+٥ گرنگییان بە مەسەلەی چەکی ناوکی ئێران دا و هەستیان بە مەترسی دەستوێڕاگەیشتنی ئەم ڕێژیمە بە چەکی ناوکی کرد و سەرئەنجام مل کەچی ویست و مەرجەکانی خۆیانیان کرد، ئاوەهاش گرنگیی بە مافی مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران و ئارامیی ناوچە بدەن و هەر بەو جیددییەتەیشەوە ڕێژیمی ئیسلامی بخەنە ژێر گوشار و مل کەچی ڕەچاوکردنی ئازادییەکان و مافەکانی خەڵکی ئێران و ئارامیی ناوچەکەی بکەن.

**کوردستان میدیا: بەگشتی پێتان وایە ئەگەر ئەو تەفاهومنامەیە ببێتە ڕێککەوتننامە و ڕێککەوتنێکی یەکجارەکی لێ بکەوێتەوە، لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەکەدا گەمارۆکان لا بچن، شوێنی ئەرێنی لەسەر پەیوەندیەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوا دادەنێت؟**

**حەسەن شەرفی:** بە لاچوونی گەمارۆکان تەنانەت پلەبەپلە، پەیوەندییە بازرگانی و تیجارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی زیاد دەکات، ڕەنگە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران تا ئێستا بەچاوی نەیار سەیری کردوون کەمتر یا درەنگتر و ئەوانەش کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسووکەوتی لەگەڵ کردوون زووتر یا زیاتر بێتە کایەوە. ئاساییشە کە ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە بورای دیکەشدا شوێندانەر بن.

**کوردستان میدیا: بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو وەزعە و بە دوای ڕێکەوتنی یەکجارەکی ١+٥ لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وەزعی جووڵانەوەی کورد و خەباتی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینن؟**

**حەسەن شەرەفی:** خەباتی ڕەوای کورد و خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات و تەنانەت ئەو ئازادیخوازانەی ئێران کە لە سەرەتاوە بەرانبەر بە نێوەڕۆکی دواکەوتوانە، کۆنەپەرەستانە و دژی دێموکراسی و دژی مافی نەتەوایەتی، گومانیان نەبووە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی پێکردووە، درێژەی کێشاوە و ئێستاش بەردەوامە و نابەسترێتەوە بە پەیوەندیەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئێرە و ئەوێ، تەنانەت ئەگەر ئەو پەیوەندییانە تا ڕادەیەکیش بە ئەرێنی یا نەرێنی کاریگەر بن.

مەسەلەی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بەرابەری مافی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵدا شتێک نین کە لەگەڵ نێوەرۆکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران یەکبگرنەوە و لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا دەستەبەر بن، بۆیە تا ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی وەک بەربەستێک لەسەر ڕێگای دابینبوونی ئەو مافانە خەباتی ئازادیخوازانی ئێران و نەتەوەکانی ئێران و لەسەروویانەوە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر بەردەوام دەبێ و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێران پشت ئەستوور دەبێ.

---

ڕۆژەڤ

## داخوا ئەرمەنستان دەتوانێ ڕقی لە تورکیە بسپێرێ بە ڕابردوو؟

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

لە ١٠٠مین ساڵوەگەڕی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان، ڕاگەیەنە بەناوبانگە ئینگلیزی زمانەکان بە بڵاوکردنەوەی وتاری جۆراوجۆر ئەم پرسەیان ڕووماڵ کردووە. ماڵپەڕی «واشینگتۆن پۆست» ڕۆژی ١٧ی ئاوریل وتارێکی لە ژێر ناوی « داخوا ئەرمەنستان دەتوانێ ڕقی لە تورکیە بسپێرێ بە ڕابردوو؟» بەقەڵەمی «ئارمان گریگۆرییان» لەم بارەوە بڵاو کردەوە. لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: «هەینی داهاتو، ئەرمەنییەکانی ئەم وڵاتە و سەرانسەری جیهان ١٠٠ەمین ساڵوەگەڕی قورسترین ڕووداوی مێژوویان بەرز ڕادەگرن . کوشتاری بەکۆمەڵی بابوباپیرانیان لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا. لەوێدا بە دەربڕینی هەستی خۆیان ڕوو لەو دەوڵەتانە دەکەن کە کوشتنی ئەرمەنییەکانیان وەکوو جینۆسایدێک نەناسیوە. هەروەها سیاسەتی نکۆڵیکردنی تورکیە ڕەت «.دەکرێتەوە

دواتر دەنووسێ: «ساڵوەگەر هەڵێکی باشیشە بۆ جۆرێکی دیکە لە پەرچەکردارنواندن. سیاسەتی وەبیرهێنانەوەی ئەرمەنییەکان بەبێ ڕەهەندی موناقشەهەڵگر نەبووە، بە جۆرێک کە بەکەمی بە شێوەیەکی کراوە و ڕووڕاستانە باسی کراوە. وەها باسکردنێک دەمێکە کەڵکی نەماوە، بەتایبەتی ئەگەر خوازیاری سیاسەتێک بن کە زەبر لە ئەرمەنستان نەدات و بیانهەوێ ڕۆژێک دابێ کە تورکیە .»جینۆسایدەکە بە فەرمی بناسێ

نووسەر دواتر بە ئاماژەکردن بە سێ پەرچەکرداری سەرەکی ئەرمەنییەکان بەرامبەر دەوڵەتی تورک و خەڵکی تورک، وەها سیاسەتگەلێک دەخاتە ژێر ڕەخنەوە و بۆ هەر کامیان پێشنیاری بەجێ دەخاتە ڕوو. یەکەمیان ئەوەیە کە نابێ بەرامبەر خودی تورکەکان بێزاری دەرببڕدرێ و دوژمنایەتیان بکرێ، چونکە ڕەنگە پێچەوانەکەی ببێتە هۆی لایەنگری بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی تورک بۆ بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان. دووهەمیان ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە چیان لە تورکیە دەوێ، بەفەرمی ناسینی جینۆساید یان ددان بەوەی ڕۆژهەڵاتی تورکیە خاکی ئەرمەنییەکانە. نووسەر پێی وایە دەبێ هەر بانگەشەیەک یان ئامانجێک کە بە دژی یاسای نێودەوڵەتییە وەلا بنرێ و گرینگی بە ئامانجی بەفەرمی .ناسینی جینۆسایدەکە بدرێ

سێهەمیان ئەوەیە کە «ئەگەر تاراوگەنشینەکان تەنیا گرنگی بە وەربیرهێنانەوەی ئەو ئەرمەنییانەی لە ١٩١٥دا کوژران نادەن، بەڵکوو گرینگی بە ئاسایش و خۆشگوزەرانی ئەو ئەرمەنییانەش دەدەن کە ئەمڕۆکە دەژین، ئەوا دەبێ واز لە گوشارهێنان بۆ ئەرمەنستان بێنن کە شێوازێکی دوژمنکارانە بەرامبەر تورکیە .«بگرێتەبەر

لە کۆتاییدا هاتووە: «لە ڕاستیدا تورکیە لەمەڕ «پرسی ئەرمەنییەکان» خەریکە هەندێ گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەدەبیات لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لەوێ ئازادانە بەردەست دەکەوێ، زۆرێک لە کارناسان و ڕۆشنبیرە تورکەکان باسی جینۆسایدەکە دەکەن و شەرمەزاری دەکەن، ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی هەموو ساڵێک لە ئیستانبول بەڕێوەدەچێ و حکومەتی تورکیش هەڵوێستی ناڵۆژیکی نکۆڵیکردنی ڕووتی گۆڕیوە بە زانیاریدان لەسەر تراژێدی ئەرمەنییەکان و هاودەردی «.دەربڕین

:سەرچاوە

Washingtonpost.com

# ئێران، گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر

مستەفا هیجری

سەرئەنجام ڕۆژی پێنجشەممە سێزدەی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرانبەر بە دووی مانگی ئەپریلی ٢٠١٥ی زایینی و دوای نێزیك بە ١٨ مانگ وتوویژ لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەش زلهێزی جیهانی سەبارەت بە پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە، بەیانییەیەکی کورت کە بەشێك لە چوارچێوەی گشتی ئەو خاڵانەی لە خۆ دەگرت کە هەردووك لایەن لەسەری ساغ ببوونەوە، لە لایەن محەممەد جواد زەریف وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی ئێران و فدریکا موگرینی سەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا لە لۆزانی سوویس خوێنرایەوە، کە بڕیارە بە دوای درێژەی وتووێژەکانی لایەنەکان، تا مانگی پووشپەڕ بە ڕێکەوتنی کۆتایی بگا.

لە مانگی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی و پێش لە دەست پێکردنی وتووێژەکان لە ژێنێڤی سوویس سەبارەت بە پرسی پیتاندنی یۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، لە وتارێکدا لەژێر سەردێڕی (گەلۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو گۆڕان هەنگاو هەڵدەگرێ؟) بە لێکدانەوە لەسەر باری شپرزەی ئابووریی ئێران و هەست بە مەترسیکردنی دەسەڵات بەدەستانی ئەو وڵاتە و لە سەرەوەی هەموویانەوە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی ڕێبەر، لە دارمانی یەکجاری ئابووری وڵاتەکەیان ـ کە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەو گەمارۆیانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا خراوەتە سەر ئێران ـ و ڕزگار کردنی ئێران لە ژێر ئەو گەمارۆیانە، سەرئەنجام مل دەدا بۆ مەرجەکانی ڕۆژئاوا و تا هەلێکی گونجاوی دیکە دەست لەو بەرنامە بەرزەفڕانەی هەڵدەگرێ، بەیانیەی ٢ی ئەپریلی لۆزان لە ڕاستیدا دروستبوونی ئەو پێشبینیەی سەلماند.

سەرەڕای ئەوەی ئەو بەیانیە ڕەسمییە زۆر کورت بوو و بە وتەی لایەنەکانی وتووێژەکە هەموو ئەو خاڵانەی لەو چوارچێوەدا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە نەخستوەتە ڕووو بەشێکی لە خەڵك شاراوەیە، بەڵام ئەوەی لەو بەیانیەدا خراوەتە بەرباس و بەتایبەت قسەکانی لایەنەکان بۆ ڕاگەیەنەکان دوابەدوای خوێندنەوەی بەیانیەکە دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە:

١ـ ئێران ڕازی بووە بەوەی کە لە نێو ناوەندەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم، ناوەندی ناوکی نەتەنز تەنیا ناوەندێك دەبێ کە پیتاندنی یۆرانیۆم ئەنجام دەدا، ئاستی ئەو یۆرانیۆمە نابێ زیاتر لە ٣/٦٧ بێ، ئێستا کە دەهەزار کیلو یۆرانیۆمی پیتاندراوی هەیە دەبێ بیگەیەنێتە کەمتر لە ٣٠٠ کیلۆ، تا ١٥ ساڵ لە ناوەندی فۆردۆ پیتاندنی یۆرانیۆم نەکرێ، تا ١٥ ساڵ هیچ دامەزراوەیەکی پیتاندنی نوێ دانەمەزرێنێ، ٢ لەسەر ٣ی سانتێیرفیوژەکان کەم کاتەوە.

٢ـ ئێران ڕازی بووە بەوەی کە لە ژێر چاوەدێری دایمیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بێ و ئەوان هەرکات بیانهەوێ ئازاد بن سەردانی هەر شوێنێکی گوماناوی بکەن، بێجگە لەوەی کە بە هۆی دەزگاکانی زۆر پێشکەوتوو لە ژێر چاوەدێریدا دەبێ، بەم چەشنە هەموو ڕێگاکانی پیتاندنی یۆرانیۆم بە مەبەستی دروستکردنی چەکی ناوکی لە ئێران دەگیرێ.

٣ـ لە بەرانبەر ئەم ملڕاکێشانەی ئێران بۆ مەرجەکانی ڕۆژئاوا، هەنگاوبەهەنگاو گەمارۆکان لەسەر ئێران لادەچن بە مەرجێك ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بیسەلمێنێ کە ئێران ئەو خاڵانەی کە لەئەستۆی بووە بەدروستی جێبەجێی کردوون.

بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوای نزیك بە دوازدە ساڵ پێداگری و لاساری کردن لەسەر داخوازی خۆرئاوا سەبارەت بە پیتاندنی یورانیۆم بە مەبەستی دروست کردنی چەکی ئەتۆمی، بە تەحەممولی سەدان میلیارد دۆلار زەرەر و زیان، دابڕان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەقیمەتی برسیەتی و بێکاری خەڵکی ئێران و زۆر بابەتی دیکە، مەجالی ئەو بەرزەفڕییەی بۆ نامێنێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر خاڵی سفر.

**دەسکەوتی خەڵکی ئێران لەو سازانە**

بێگومان ئەگەر لایەنەکان تا کاتی دیاری کراو( مانگی ژووئەن) بە ڕێککەوتنی کۆتایی بگەن، بە دوای هەڵگیرانی (یان هەڵپەسێرانی) گەمارۆکان هەناسەیەك بە بەر ئابووری نەخۆشی خەڵکدا دێتەوە و کار و کاسبی جووڵەی تێدەکەوێتەوە، ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەو خەڵکەیە. خۆشی و سەمای خەڵك لە شارەکانی ئێران دوای ڕاگەیاندنی بەیانیەکەش نیشانەی هیواداربوونیان بەو ئاڵوگۆڕە ئەرێنییەیە لەسەر ژیانی خۆیان. دەربڕینی ئەو دڵخۆشییە لەلایەن خەڵك هەڵگری پەیامێکی گرنگی سیاسی دیکەشە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر تا ئێستا ڕێژیم جاروبار ڕێپێوانی لە لایەنگرانی ساز دەکرد و دروشمی «وزەی ناوکی مافی بێ ئەملاوئەولای ئێمەیە»یان دەگوتەوە، تەنیا دروشمگەلێکی تەبلیغاتی بوون، دەنا ئەوە نیە بە پێی بەیاننامەکە ڕێژیم توانای دروست کردنی چەکی ناوکی لێ دەستێندرێتەوە، بەڵام خەڵك دڵخۆشن و دەڕژێنە سەر شەقامەکان و دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕن؟

بەڵام بە پێی ئەزموونێك کە تا ئێستا لەو ڕێژیمە لەبەر دەستدایە لانیکەم لە کورت خایەندا فەزای ئەمنیەتی هەر وەك خۆی توندوتیژ دەمێنێتەوە ئەگەر لەوەی تا ئێستا هەیە خراپتریش نەبێ.

چاوەڕوانیش دەکرێ دوای ئەوەی ئابووریی خەڵك باشتر بێ، بەشێوەیەکی جیددیتر و بەربڵاوتر داخوازی دیکەی خۆیان کە ئازادی و نەمانی ئەو فەزا ئەمنیەتییە توندوتیژەیە کە بە سەریاندا زاڵە بێننە گۆڕێ، داخوازییەك کە ویستی زۆربەی خەڵکی ئێرانە، بەڵام هەژاری و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی نان کردوویەتە داخوازی پلە دووهەم.

**دەسکەوتەکەی ڕێژیم لەو سازانە**

لە ئەگەری ڕێکەوتنی کۆتایی، بەرەبەرە کە ڕێژیم گەمارۆکانی لەسەر لادەبرێ ئەویش ئابوورییەکەی بەرەو باشتر بوون دەچێ و دەستی پڕتر دەبێ بۆ « هەناردە کردنی شۆڕش» هەر ئەوەی تا ئێستا کردوویەتی و دەیکا، لە دەستێوەردان لە نێوخۆی وڵاتانی ناوچە، یارمەتیدان بە دۆستان و هاوپەیمانانی خۆی لە ناوچە وەك سووریە، حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و باقی گرووپە تیرۆریستییەکانی لە زۆر شوێنی دونیا. بەڵام ئەو بووژانەوەی ئابوورییە ئەوە نابێ کە هێندێك لە چاودێران قسەی لێ دەکەن ئەویش دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم ـ نرخی نەوت هەر ئێستا زۆر شکاوە و بە هەناردەکردنی نەوتی ئێرانیش بۆ بازار لەوانەیە لەوەش زیاتر بشکێ، بۆ زیاتر هەڵێنجان و هەناردەکردنی نەوتیش پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ تەعمیر و نوێکردنەوەی بیرە نەوتییەکانی.

دووهەم ـ سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووری لە ژێر دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی وەك هەموو بەشەکانی دیکە سیستەمێکی دواکەوتوو و ناکارامەیە و ئەو سیستەمە توانای گەشەپێدانی ئابووریی نیە.

بەڵام دوای ئەوە دەبێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی دیکەش لە سەر وەزعی ناوچە بین و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە شاراوانەی کە لە بەیانیەکەدا نەنووسراون و ڕەنگە دوای ڕێکەوتنی کۆتایش خەڵکی لێ ئاگادار نەکرێتەوە.



# کاردانەوەی تەفاهۆمنامەی لۆزان
# لە هەمبەر چالاکانی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

کانیاو

ڕێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢ ی ئاوریلی ساڵی٢٠١٥زایینی، دانوستانکارانی وڵاتانی ئامریکا و ٥+١ و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوای ماراتۆنێکی پڕ لە هەوراز و نشێو بە تەفاهۆم نامەیەك، سەبارەت بە قەیرانی ١٢ ساڵەی دۆسیەی ناوکیی ئێران گەیشتن. خامنەیی و ڕێژیمەکەی پاش ١٢ ساڵ شاردنەوەی ڕاستییەکان لە هەمبەر وزەی ناوکی و کار کردن بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، بە هۆکاری لە تەنگانە بوونی سەخت و دژواری ئابووری و سیاسی، لە ژێر ناوی «نەرمشی قارەمانانە» ئیزنی گەیشتن بە تەفاهۆمنامەیەك لەگەڵ وڵاتانی(٥+١) بە تیمی دانوستانکاریی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی دا. لەم ماوەیەدا کە پرسی ئەگەری ڕێکەوتنی ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە شاری لۆزانی وڵاتی سویس لە ڕۆژەڤ دا بووە، بۆ زۆربەی گەلانی ئێران و لایەنە سیاسییەکان، ئەم پرسیارە هاتۆتە ئارا کە پاش چارەسەری پرسی وزەی ناوکی ڕێژیم لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، چ کاریگەری و کاردانەوەیەکی لە سەر ئابووری، مافی مرۆڤ، چالاکانی مەدەنی و بە تایبەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا دەبێ. لە ماوەی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا چالاکڤانانی مەدەنی، سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەمیشە تووشی سەرکوت و خەفەقان، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام بوون. بەڵام چالاکڤانانی مەدەنی و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەم ماوەیدا سەلماندوویانە کە هەر کات دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ، بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشە مەدەنی، فەرهەنگی و نەتەوایەتییەکان بە مێتۆدی ئاشتیخوازانە و بە دوور لە هەر جۆرە توندوتیژییەك کەڵکیان وەرگرتووە. مانگرتنە گشتییەکانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملووی نەمر و مانگرتنە گشتییەکانی دیکەی چین و توێژەکانی مامۆستایان، کرێکاران، ژنان و خوێندکاران لە ئاستی ئێراندا بۆ داوا ڕەوا و سەرەتاییەکانی خۆیان، نموونەی بەرچاوی خەباتی مەدەنیی، چالاکانی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی ئێران بووە. هەر بۆیە هەر کات شنەبای ئازادی و دێموکراسی لە ناوچە و جیهان هەڵکراوە، بۆتە هۆی ئەوە چالاکانی مەدەنی و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی ئێران لە دەرفەت و هەلومەرجەکان کەڵکی پێویست وەربگرن و خێرا خۆیان لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا بگونجێنن. بەردەوامبوونی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی گەلانی ئێران لەو ماوەیەدا، نیشانەی زیندوویی و چالاکبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو بناخە پتەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە هەوێنی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە ئاستی ئێران و کوردستاندا. خەباتی چالاکانی مەدەنی و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی ئێران لە ٢٢ی پوشپەڕەکان و نارەزایەتی بەرینی خەڵکی ئێران لە جۆزەردانی ١٣٨٨ی هەتاویدا، خەباتی مەدەنی لە ئێران و کوردستاندا پێی نایە قۆناغێکی نوێیەوە. هەر بۆیە پاش بڵاوبونەوەی ڕاگەیەندراوی دوو لایەنی ئامریکا و وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە لۆزان، خەڵکی وەزاڵەهاتووی تاران و هێندیك لە شارە گەورەکانی ئێران بە هاتنە سەر شەقام، دەستیان بە خۆشی و شادی دەربرین کرد. ئەو شێوە پێشوازییەی خەڵکی ئێران لەو تەفاهۆمنامەیە، دەریخست کە خەڵکی ئێران هیچکات تامەزرۆی چەکی ناوکی نەبووە، بەڵکوو خوازیاری ژیانێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و پێوەندییەکی بێ گێرە و کێشەیان بە تایبەت لەگەڵ ئامریکا دەوێت. ئەو شێوە تێڕوانینەی خەڵك، بەپێچەوانەی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێرانە. چونکە ڕێژیمی ئێران لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیدا وای نیشانی بیروڕای گشتیی جیهان دەدا کە خەڵکی ئێران خوازیاری وزەی ناوکین. هەر بۆیە پاش تەفاهۆمنامەی نێوان ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەگەری لاچوونی گەمارۆکان، دۆخی ئابووری خەڵکی ئێران باشتر دەبێ و دەبێتە بەستێنێك بۆ چوونە سەری ویست و خواستەکانی چالاکانی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام لە هەمان کاتدا چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی نەگۆڕ و داخراو و ئیدۆلۆژیکە و هیچ گۆڕانێکی بە قازانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکانی مەدەنی تێدا بەدی ناکرێت. هەر بۆیە لە ئەگەری ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ ئامریکا و ئورووپاشدا دەستی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتی چالاکانی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خواستە ڕەوا نەتەوەییەکانی، نەتەوەکانی ئێران لە نێوخۆی وڵاتدا زیاتر دەبێت. بەڵام خاڵێکی گرینگ کە جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە، بەلاچوونی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانی سەر ئابووری ئێران، چینی مامناوەند کە بە دینامیزمی گۆڕان و ناوەندی دێموکراسیخوازی لە قەڵەم دەدرێ، بەهێزتر دەبێ و ئەمەش ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵك دەباتە سەر و دەبێتە کارتی فشار هێنانی زیاتر بۆ سەر دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و ئەو کارتە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ گەشەی چالاکی زیاتری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە داهاتووی ئێراندا. بەم پێیە لە ئەگەری ڕێککەوتنی کۆتایی لە نێوان وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە درێژخایەندا بە قازانجی ڕەوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەواو دەبێت. هەر بۆیە پاش تەفاهۆمنامەی لۆزان، خەباتی مەدەنی بە شێوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە سەر شەقام زۆر زیاتر لە جاران درێژەی دەبێت. ئەو ڕێکەوتنە بە ئەگەری زۆرەوە هاندەرێك دەبێ بۆ چالاکانی مەدەنی و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ڕزگاری لە سەرەڕۆیی ڕێژیمی ئێران و گەیشتن بە سیستمێکی دێموکراتیك کە لەودا پرەنسیپەکانی دێموکراسی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێڕەو بکرێ. ئەوەی لێرەدا جێگای باس و تێڕامانە، شێوەکانی مێتۆدی خەباتی مەدەنییە پاش ڕێکەوتنی کۆتایی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕێژیمی ئێران، لە لایەن چالاکانی مەدەنییەوە. چونکە پاش ڕێکەوتنی کۆتایی وڵاتان(١+٥) گرینگیدان بە فاکتەرەکانی مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی ، ئازادیی سیاسی، ئازادیی تاکەکان و زۆر فاکتەری دیکە، لە لایەن وڵاتانی دێموکراتیك و کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان پشتیوانی زیاتری لێ دەکرێ. هەروەها ئەگەر جاران مەسەلەی خەباتی مەدەنی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران، ڕێژیم بە پرسێکی نێوخۆیی لە قەڵەم دەدا، ئێستا پرسی خەباتی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ پرسێکی هەستیاری نێونەتەوەییە و وڵاتانی دێموکراتیك لە بەرامبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی ئێراندا بێدەنگ نابن. کۆمیسیۆنەکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا و ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، زیاتر لە جاران پشتیوانی لە شێوەی خەباتی مەدەنی ئێراندا دەکەن. هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران بە هۆی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، زۆر زیاتر لە جاران لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا مەحکووم دەکرێت. بەگشتی لەگەڵ ئەوەی چالاکڤانانی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان هەیە لە هەر هەلومەرجێکدا چۆنیەتی و مێتودی خەباتی خۆیان دیاری بکەن، پێویستە چالاکانی مەدەنی سەرنج بدەنە ئەو مەسەلە گرینگە کە لە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خەباتێك شوێندانەرتر و بەرهەمی زیاتری بۆ نەتەوەکانی ئێران لێ دەکەوێتەوە، ناسینی دروستی هەلومەرج و دەرفەتەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە تەنیشت ئەوەشدا دەستنیشانکردنی شێوەی خەباتی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجانە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی خەباتی مەدەنی لە داهاتووی ئێراندا.

> **پێویستە چالاکانی مەدەنی سەرنج بدەنە ئەو مەسەلە گرینگە کە لە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خەباتێک شوێندانەرتر و بەرهەمی زیاتری بۆ نەتەوەکانی ئێران لێ دەکەوێتەوە**

# کامڵبوونی باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین

ن: جۆرج فریدمەن
و: کەیهان یووسفی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هاوپەیمانییەك لە وڵاتانی سوننەی عەرەب و زیاتر لە نیمچە دوورگەی عەرەبی کە لە لایەن دەوڵەتی سعوودیەوە ڕێکخرابوون، هێرشی ئاسمانیان کردە سەر یەمەن و ئەم هێرش و بۆردمانە هەنووکەش هەر بەردەوامە.

ئامانجی هێرشە ئاسمانیەکان، حووسییەکانی یەمەن ، فیرقەیەکی شیعی کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت و هاوپەیمانە سوونەکانیان کە لە خۆگری ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزە چەکدارەکانی وەفادار بە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح سەرۆك کۆماری پێشووی یەمەن، بوو.

چ شتێك بوو بە هۆی ئەم هێرشانە و بە تایبەتی ئەو بەرژەوەندییانە چ بوون کە فڕۆکەکانی ئامریکا بەشدارییان لەم هێرشانەدا نەکرد، ئەگەرچی ئامریکا ئیتلاعات و زانیاری بۆ هاوپەیمانی عەرەبی ئامادە کرد و پشتیوانی خۆی لێیان ڕاگەیاند، ئەمە هاوپەیمانییەك لە وڵاتانی عەرەبی بوو کە بۆردمانی پێگە و هێزی حووسییەکان کە لە حاڵی پێشڕەویدانی کرد.

سێ شت هەن کە زۆر گرنگن. **یەکەم**، ستراتژی نوێی هەرێمی ئامریکایە کە لەم ئۆپراسیۆنانەدا دەرکەوت. واشنگتۆن خەریکە لەو ستراتژییەی کە لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠وە پەیڕەوی دەکرد دوور دەکەوێتەوە ـ بە کارهێنانی هێزەی سەربازی لە سەر زەوی لە شەڕە هەرێمیەکاندا ـ و هەروەها سپاردنی هەوساری بەڕێوەبردنی شەڕ و قورسایی شەڕەکە بە هێزە هەرێمیەکان و خۆی ڕۆڵی یەکەم لەم شەڕانەدا ناگێڕێت.

**دووهەم**، دوای تێپەڕ بوونی ساڵانێك لە کڕینی چەك و چۆڵی پێشکەوتوو، سعوودی و وڵاتانی دیکەی شوورای هاوکاری کەنداو، ئەو دەرفەت و دەسەڵاتەیان بۆ ڕەخسا کە لە ئۆپراسیۆنێکی پێشکەوتوودا و لانیکەم لە یەمەن کەڵکی لێوەربگرن. هێرشەکە بە سەرکوتی پەدافەندی ئاسمانی دوژمن ـ ئەو مووشەکانەی سوپای یەمەن کە حووسییەکان دەستیان بە سەردا گرتبوو ـ و هێرش کردنە سەر سیستمی کونتڕۆڵ و فەرماندەیی حووسییەکان دەستی پێکرد. ئەمە واتای ئەوەیە کە هێزە هەرێمیەکان زۆر کەیف خۆش بوون بەوەی کە ئامریکا ستراتژییەکەی خۆی گۆڕیوە و ئەرکەکەی بەوان سپاردووە، ئەوان هەروەها توانایی وەئەستۆگرتنی ئەو کارەیان هەیە و تەنانەت ئەگەریش ئامریکا بەڵێنەکانی خۆی بە نیسبەت ئەوان جێبەجێ نەکات.

زۆر گرنگتر ئەوەیە کە هێرش کردن بۆ سەر حووسییەکان کڵپەی ئاگری هەلومەرجێکی لە حاڵی گەشەی لە ناوچەکە بڵاو کردەوە: شەڕی نێوان سوننەکان و شیعەکان. لە عێراق و سووریە، ئەم شەڕە لە حاڵی پەرەسەندن دایە. زۆربوون و قووڵ بوونی ئەم شەڕە لە تکریتە، دەوڵەتی ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی لە لایەکەوە و تێکەڵاوێکی ئاڵۆز لە سوپای بە زۆرینەی شیعەی عێراقی، میلیشیا شیعەکان، گرووپە عەشیرە سوننەکان و هێزە کوردە سوننەکان لە لایەکی دیکەوە. لە سووریە، شەڕ لە نێوان حکوومەتی سێکۆلاری سەرۆك کۆمار بەشار ئەسەد ـ کە عەلەوییەکان زۆرتر زاڵ و دەسەڵات بە دەستن، فیرقەیەکی شیعین ـ و گرووپە سوننەکان لە ئارادایە. هیچ لۆژیك و ئیستدلاێك نیە کە بیشوبهێنێ ئۆپۆزیسیۆنی سووری یەکگرتووە، چونکە شەڕێکی نێوخۆیی گرنگ لە ئارادایە.

لە ڕاستیدا ئەم گرژییە تەنیا گرژی نێوان شیعە و سوننەکان نیە بەڵکوو لە نێو خودی شیعەکان و گرووپە سوننەکانیشدا بوونی هەیە. لە یەمەندا، شەڕ و تێکۆشانی هێزە لۆکاڵییەکان لە نێوان شەڕی لایەنە سیاسیەکاندا بۆتە لاپەڕەیەکی ڕەش و خەریکە دەبێتە شەڕێکی فیرقەیی لە پێناو بەرژەوەندی ئەکتەرە هەرێمیەکاندا. ئەمە زۆر ئاڵۆزترە لەوەیکە ئێمە ناوی شەڕی نێوان شیعە و سوننەی لێ بنێین.

## ستراتژی ئێران و وەڵامی سعوودیەکان

هۆکارێك هەیە کە ئەویش ئێجگار گرنگە و ئەویش باسکردن لە جووڵەی ئێران بۆ بەدەستهێنانی کەوشەنێکی زۆر لە کارتێکەری خۆی لە جیهانی عەرەبیدایە. ئەمەش ستراتژییەکی نوێ نیە. ئێران هەر لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیەوە بە دوای کارتێکەری و شوێندانەری گەورەتر لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بووە. ماوەیەکی زۆرە، ئێران هەوڵی داوە کە کەوشەنێك بۆ کارتێکەری خۆی لە بیاڤی زەریای ناڤیندا دروست بکات. مانەوەی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە و سەرکەوتنی حکوومەتی لایەنگری ئێران لە عێراق توانیویەتی کەوشەنێکی کارتێکەری ئێران دروست بکات، دانی هێز بە حیزبوڵڵا لە لوبنان و توانایی ڕێژیم بەشار ئەسەد لە سووریە پرۆژەی ئەم دەسەڵاتەن.

بۆ ماوەیەك، وا دەرکەوت کە ئەم ستراتژییە بە نزیکبوونەوەی ڕووخانی ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠١٢ و درووستبوونی حکوومەتێك لە عێراق کە وێدەچوو سەرکەوتوو بێت و لە گوێڕایەڵبوون بە نیسبەت تارانەوە دوور کەوتۆتەوە، تووشی شکست بووە. ئەم پەرەسەندنە گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێرانیش لە سەر بوو تا کوو ئێران بخاتە حاڵەتی بەرگرییەوە و ئایدیای دروستکردنی کەوشەنی کارتێکەری ئێران تەنیا وەکوو خەونێکی لێ بێت.

ئەگەرچی پاردۆکسیکاڵە، بەڵام گەشە و دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وسووریە لە دوو ڕێگاوە وزە و ئینرژی بەخشی بە دەسەڵاتی ئێرانیەکان. یەکەم، کاتێك پرۆپاگەندە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی دەکرا کە زۆر تۆقێنەر و ترسناکە و وەها وێنادەکرا کە گرووپێکە جیا لە هۆڤانییەت و ترس هیچی دیکەی لێ بەدی ناکرێت، بەڵام لە هەمانحاڵیشدا لە ڕادەبەدەر بەهێزە. ئەوە ڕاستە و ئەگەرچی دەوڵەتی ئیسلامی لاواز نیە و نوێنەرایەتی فراکسیۆنی لە پەراوێزکەوتووی کۆمەڵگای سوننەی عێراق دەکات و سوننەکان کەمینەن لە عێراق. لە هەمانحاڵدا ئەم پرۆپاگەندانە کۆمەڵگای شیعی بۆ بەرخۆدان لە بەرانبەر دەوڵەتی ئیسلامیدا یەکگرتوو و ڕێکخست، هەروەها ئیزنی دا بە ڕاوێژکارە ئێرانیەکان تا کاریگەرییان لە سەر مودیرییەتی میلیشیا شیعەکان لە عێراق و تا ڕادەیەکی بەرچاویش سوپای عێراق هەبێت و هەروەها گوشاری خستە سەر ئامریکا تا کوو کەڵك لە هێزی ئاسمانی وەربگرێت بۆ پشتیوانی لەو هێزە سەربازییە کە لە سەر زەوی لە لایەن ئێرانەوە ڕێبەری دەکرا. ئەمەش ستراتژییەکی دیاری ئامریکاییەکان بوو لە پەیوەندی لەگەڵ لە نێوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی ـ تەنانەت ئەگەر ئەنجامدانی خواستی هاوکاریکردن لە گەڵ ئێران بێت ـ ئەویش بە کارنەهێنانی هێزی سەربازی لە سەر زەوی بوو، مانای ئەمەش ئەوەیە کە ژێرخستن و لاوازکردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەتوانێت هۆکارەکانی چەندین فاکتەر بێت بەڵام براوەی سەرەکی لە عێراقدا دەتوانێت ئێران بێت.

هەلومەرجێکی بەم شێوەش لە سووریە بوونی هەیە، هەرچەند لە بواری دێموگرافیەوە جیاوازن. ئێران و ڕووسیا خاوەنی مێژووییەکی

بنیاتنانی توانایی دروستکردنی چەکی ناوکی زۆر دژوارە، ئێرانیەکان تەنانەت ناتوانن تێستی ناوکی ئەنجام بدەن و هەنگاوێکی پێویست پێش ئەوەی کە چەکی ناوکی دروست بکەن، هەڵگرن

پشتیوانی و پاڵپشتی لە ڕێژیمی ئەسەدن. ئێرانیەکان گرنگترین پشتیوان و پاڵپشت بوو ون، بە تایبەت چونکە ئەوان هاوکاری و یارمەتی هاوپەیمانەکەیان، حیزبوڵڵا بۆ شەڕ دەکەن.

ئامریکا دژایەتییەکی زۆری ڕێژیمی بەشار ئەسەدی دەکرد، بەڵام ئاڵترناتیڤی هەنووکەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سووریە، ئەوەیە واشنگتۆن لانیکەم بێ لایەن بێت بە نیسبەت ڕێژیمی سووریەوە. ئەسەدیش دەیهەوێت بێ ئەملاوئەولا ئەم بێ لایەنیە ببێتە دیالۆگی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕێژیمەکەی و واشنگتۆندا. بێ لە بەرچاوگرتنی ئاکامەکەی، ئێران ڕێگایەکی هەیە بۆ پاراستنی کارتێکەری خۆی لە سووریەدا.

کاتێك چاو لە نەقشە دەکەن و بیر لە هەڵکەوت و دۆخی یەمەن دەکەنەوە ، ئێوە ئەو هەستەتان لە لا دروست دەبێت کە بۆچی سعوودی و وڵاتانی شوورای هاوکاری کەنداو وەها کارێکیان ئەنجام داوە.

ڕوونە کە چ شتێك خەریکە لە نێو سنوورەکانی باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی دەقەومێت، سعوودی دەبێت ئەوە لە بەرچاوبگرێت و هەڵیسەنگێنێت کە ڕەنگە حووسییەکان سەرکەوتن بە دەست بێنن و حکوومەتێکی لایەنگری ئێران دابمەزرێنن، حکوومەتێکی شیعی لە باشووری سعوودی.

سعوودی و وڵاتانی کەنداو دەیانهەوێت بەرەوڕووی ئەگەری هەر چەشنە گەمارۆیەکی شیعەکان یان ئێرانیەکان ببنەوە. ئەمەش شتێکی ئەوتۆ نیە بەڵام ئەوان پەیوەندییان لە گەڵ ڕێگاگەلی ئاڵۆز هەیە. کارکردنێك کە دتوانێت بە دڵی سعوودیەکان بێت و بەڵگەیەك بێت بۆ ئەوەی حووسییەکان نەبنە حیزبوڵڵایەکی دیکە، تێکەڵاوێك لە ئۆپراسیۆنی ماڵی و سەربازییە کە دەتوانێت هێڵی یارمەتی و پشتیوانی ئێران بۆ حووسییەکان بپچڕێنێت و ببێتە هۆی کەمکردنەوە و نەمانی هەڕەشە لە هەموو شوێنێك.

لە ڕەوتی بەهاری عەرەبیدا، یەکێك لەو هەوڵانەی کە نزیك لە سەرکەوتن بوو بۆ ڕووخانی حکوومەت لە بەحرەین ڕووی دا. شۆڕش و سەرهەڵدان تووشی شکست بوو چونکوو هەر لە سەرەتاوە عەرەبستانی سعوودی دەستێوەردانی کرد و توانی خۆی لەم وڵاتە بسەپێنێ. عەرەبستانی سعوودی نیشانی دا کە ئەوان زۆر هەستیارن بەوەیکە ڕێژیمێکی شیعی کە پەیوەندییەکی نزیکی لە گەڵ ئێرانیەکان هەبێت لە نیمچە دوورگەی عەرەبی سەرهەڵ بدات. بەرەنجامەکەش بووە ئەوەیکە سعوودی دەستێوەردان بکات و شۆڕشەکە سەرکوت بکات. ئەمە زۆر ڕوونە کە سعوودی لە بە هێزبوونی ئێرانیەکان و دەسەڵاتی شیعەکان زۆر ترساوە و دەیهەوێت لە هێز کەڵك وەربگرێت. هەر ئەو شتەی کە ئەوان هەنووکە لە یەمەن ئە نجا می دەدەن. لە م ڕێگایەدا، ئاکامەکەی سەرباشقەیەکە بۆ عەرەبستانی سعوودی. ئەوان نوێنەرایەتی ناوەندی هێزی جیهانی سوونە دەکەن. هەروەها، ئەوان و هاوپەیمانەکانیان ستراتژییەکەیان گەشە پێ دەدەن کە ستراتژییەکی بەرگرییانە و تاکتیکگەلی هێرشبەرانەیە. ئامانجی ئەوان بلۆکەکردنی کاریگەری شیعەکان و ئێرانیەکانە و ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە ئەوان بڕیاریان داوە هاوپەیمانیەکی شەڕ پێك بێنن و کەڵك لە هێزی ئاسمانی بۆ پشتیوانی لە هێزە لۆکاڵیەکان لە سەر زەویی بگرن. سەرەڕای ئەو هێرش سەرانسەرییە لە یەمەن، سعوودی خەریکە ستراتژیی ئەمریکاییەکان لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠وە بە پێوانەیەکی زۆر بچووکتر پەیڕەو دەکات.

## هەڵوێستی ئامریکا

ستراتژیی ئامریکاییەکان زۆر ئاڵۆزە. هەروەك چۆن پێشتریش نووسی بووم، ویلایەتە یەکگرتووەکان ستراتژییەك پەیڕەو دەکەن کە تەرکیزی لە سەر پاراستنی باڵانسی هێزە. ئەم چەشنە بەریانە هەمیشە بۆتە هۆی بشێوی و ئاڵۆزی، چونکە ئەم ئامانجە لە لایەن هیچ هێزێکی تایبەتەوە پشتیوانی لێنەکراوە، بەڵام توانیویەتی باڵانسی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکان ڕابگرێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیتلاعات و پلانی مەئموورییەتی بۆ هاوپەیمانی سعوودی بە دژی حووسییەکان و هاوپەیمانە ئێرانیەکانیان ئامادە دەکات.

لە عێراقدا، ئامریکا پاڵپشتی لە شیعەکان دەکات ـ لە ڕێگەی پەرەپێدان بە هاوپەیمانیەکەیان ـ و بنکە و پێگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆردمان دەکات. لە سووریەدا، ستراتژییەکە زۆر ئاڵۆزترە چونکە هیچ ڕاڤەیەکی ڕوونی لێ ناکرێت. چونکە سروشتی دەستێوەردانێك بە پێوانەیەکی گەورە بوونی نیە بەڵام هاوکاری بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێز لە ئارادایە. ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت دژی ئێران بێت لە سناریۆیەکدا و لە یەکی دیکەشدا پشتیوانی لێ بکات. زۆرتر مودێلێکی ساویلکانەی سەردەمی شەڕی ساردە کە پەیوەندییەکی بە هەنووکەوە نیە. زۆربەی ئەو شتانەی کە ڕوویانداوە لە کاتێکدایە کە وتوێژەکانی پەیوەندیدار بە پرۆگرامی ناوکی ئێرانە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات.

ئامریکا لە واقعدا زۆر دڵنیگەرانی چەکی ناوکی ئێرانیەکان نیە. هەر وەك من چەند جاری دیکەش وتوومە، ئێمە لە ناڤینەکانی ٢٠٠٠ وە دەبیسین کە ئێران ساڵێك یان دوو ساڵی ماوە کە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات.

بنیاتنانی توانایی دروستکردنی چەکی ناوکی زۆر دژوارە، ئێرانیەکان تەنانەت ناتوانن تێستی ناوکی ئەنجام بدەن و هەنگاوێکی پێویست پێش ئەوەی کە چەکی ناوکی دروست بکەن، هەڵگرن.

چ ڕێککەوتنێکی ناوکی لە گەڵ ئێران سەر بگرێت و چ سەر نەگرێت، ئامریکا بۆمبەکانی لە سەر دەوڵەتی ئیسلامی دەخاتە خوارێ و لە یەمەنیش پشتیوانی لە سعوودی دەکات.

بابەتی واقعی کە هەنووکە لە ئارادایە و لە چەن ساڵ پێشەوە هەبووە ئەوەیە کە : ئێران نیشانی داوە کە بە دوای دروستکردنی کەوشەنێکی کارتێکەری خۆی لە زەریای ناڤیندایە، بەڵام لەم کاتەدا بەشێك لەم پۆتانیسلی کا رتێکە رییە یە مە نیش دەگرێتەوە.



بیچمگرتن و خولقاندنی هەڕەشە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا لە دوو ئاراستەوە دەکرێت. ئێرانیەکان تێدەکۆشن کە شوێنێك بۆ گوشارهێنان و تێکهەڵچوون وەدەست بێنن. سعوودی دەبێت پەرچەکرداری هەبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا هێرشە ئاسمانیەکان قەبارە و توانایی ڕاوەستانی حووسییەکانی هەیە؟ ئەوان خەریکن لە ڕاستیدا کەمترین تێچوو بۆ گەورەترین دەسکەوت خەرج دەکەن، بەڵام ئەوان ناتوانن بەردەوام بن. پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە سعوودی دەیهەوێت دواتر چی بکات؟ پرسیاری دووهەم ئەوەیە کە ئامریکاییەکان دەیانهەوێت چ بکەن؟

دوکتۆرینی هەنووکەیی پێویستی بەوەیە کە باڵانسی هێز لە نێوان سعوودی و ئێراندا ڕابگیردرێت، ئامریکا لە پاش و پێشدا دڵخۆشە بەمە. بە پێی ئەم دوکتۆرینە ـ و ئەم ڕاستیە سەربازییە ـ ئامریکا ناتوانێت بەڵێنیەکانی خۆی لە سەر زەوی لە عێراق بە تەنیا بەڕێوە ببات.

## ڕۆڵی تورکیە

تا ڕادەیەك بێ دەنگە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕەها ئەم چیرۆکە بۆ تورکیە زۆر گرنگە. تورکیە خاوەنی گەورەترین ئابووری و بە هێزترین سوپایە لە ناوچەکە. ئەگەرچی تەنیا چۆنیەتی باشبوونی سوپاکەی دەتوانێت جێی پرسیار بێت. تورکیە تەنیا سەیری بشێوی لە باشووری سنوورەکانی خۆی دەکات و هەروەها تەنیا سەیرکەری بەرزبوونەوەی گرژییەکان لە ناوچەی قەفقاز و شەڕە لە سەرانسەری زەریای ڕەشە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش سووریە و عێراق خاوەنی پۆتانسیلێکی زۆرن تا کوو دەسەڵاتی ئێران لەو بشێویەدا بەرز بێتەوە. تورکیە لەم دواییانەدا زۆر کەم لەبارەی ئێرانەوە قسەی کردووە، بەڵام لە چەن حەوتووی ڕابردوودا ئانکارا لە ناکاو ڕەخنەی لە تاران گرت و ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە تێدەکۆشێت هێژمۆنی خۆی بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنێت. تورکیە بەردەوام ئەم شتانەی وتووە و بێ ئەوەی خۆی کارێك ئەنجام بدات.

دەبێت لە بیرتان بێت کە سەرۆك کۆماری تورکیە، ئۆردووغان، هیودار بوو کە تورکیە ببێتە ڕێبەری ناوچەکە و ڕێبەری جیهانی سوننە بکات. سعوودی ڕۆڵێکی ئەکتیڤی لە ئەستۆ گرتووە و تورکیە کارێکی بچووکی لە عێراق و سووریە ئەنجام داوە و سعوودی لە ناکاو تورکیەی بە جێ هێشت. هەر چرکەیەك دێت و دەڕوات و مێژوو ناگۆڕدرێت. بەڵام تورکیە هێشتا بە هێزترین دەسەڵاتی سوننەیە و لقێك لە سێ کوچکەی باڵانسی هێزە لە ناوچەکە وێڕای ئێران و سعوودی.

وەرچەرخانێك لە تورکیە دەتوانێت هەنگاوێکی ڕەخنەگرانە لە دەرکەوتنی باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا بێت.

لە نێو هێزە لۆکاڵیەکاندا نەك بریتانیا و نەك ئامریکاش ناتوانن دیاریکەری دەرکەوت و بەرەنجامەکان بن. ڕۆڵی ئامریکا وەکوو ڕۆڵی بریتانیا لە پێشوودا وایە، ناتوانێت ڕاستەوخۆ بزوێنەری شەڕ لە ناوچەکەدا بێت، بەڵام دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ سەقامگیری باڵانسی هێز لە ناوچەکە. ئەم ڕاستیە هەنووکە لە عێراق و یەمەن دەبینرێت. ئەم بابەتە ئێجگار ئاڵۆزە و ناتوانرێت ساکار و ئایدۆلۆژییانە ئانالیز بکرێت. بەڵام لێرەدا، وا دەردەکەوێت و وێنا دەکرێت کە لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ئەگەر ئێرانیەکان دەست هەڵگری چەکی ناوکی بن و تەرکیز بخەنە سەر ئەم بابەتە، دەتوانن تورکیە لە باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا وەلا بنێن.

سەرچاوە:
stratfor.com

# میکۆنووس درێژەی تیرۆرە سیاسییەکان




ئیبراهیم قاسمی زاد
و: نسار

٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١، مەئموورەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و همایون ئەردەڵان کادری دێرین و نوری دێهکوردی دۆستی حیزبیان، لە ڕێستورانی میکۆنووس لە بێرلینی ئاڵمان تیرۆر کرد. ئەم تیرۆرە ڕێکخراوە، لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی زۆرکردنی ترس و تۆقاندن لە کوردستان، بەربەست خستنە ڕێی چالاکییە سیاسییەکان و پێشگرتن لە خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجام درا. بڕیاری جێبەجێ کردنی عەمەلیاتی میکۆنووس لە لایەن کومیتەی کاروباری تایبەتی کۆماری ئیسلامی درا کە لەو سەردەمەدا، ڕێبەر، عەلی خامنەیی بەرپرسایەتی ئەم کومیتەی لە ئەستۆ بوو و سەرۆک کۆماری ئەوکات ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، وەزیری ئیتلاعات، عەلی فەلاحیان و وەزیری کاروباری دەرەوە، عەلی ئەکبەر ولایەتی لە ئەندامەکانی ئەم کومیتەیە بوون. کومیتەی کاروباری تایبەت، فەلاحیانی کردبووە بەرپرسی چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی عەمەلیاتەکە. بە بوونی شایەت و دەسبەسەرکردنی چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتە لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمان و موحاکمە و سزادانی بەڕێوەبەرانی، لە بەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبەرانی سەرەکی ئەم تیرۆرە سیاسییە تاکوو ئێستا دادگایی نەکراون.

تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی درێژەی تیرۆرە بەرنامەرێژی کراو و ئامانجدارە سیاسییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بوو. کۆماری ئیسلامی بۆ ناکاریگەرکردنی دژبەرانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەستی داوەتە و دەیداتە هەموو جۆرە کردەوەیەکی نامرۆیی و نایاسایی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا. یەکێك لەم کردەوانە، تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات بوو کە لە ڕەوتی ئەم کردەوەدا دوو کەس لە هەڵکەوتووترین ڕێبەرانی کوردی ئێران هاوڕێ لەگەڵ دەیان کەسایەتی هەڵکەوتووی سیاسی دیکە بوونە قوربانی.

خومەینی هەر لە سەرەتای شۆڕش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دوژمنی خۆی زانی و بە ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد بە فەرمی ڕێبەرانی حیزبی کردە ئامانج. لە بەر ئەوەیکە لە ڕوانگەی ئەوەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بەربەستێکی گەورە بوو بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجە دژە مرۆییەکانی. دوکتور قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزب بە سیاسەت و لێزانیی دووربینانەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا و هەروەها لێزانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پێگەیەکی شیاوی هەبوو کە بۆ خومەینی، کاربەدەستانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی و سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ئەو قەبووڵ نەدەکرا.

دوکتور قاسملوو بە سیاسەتە ژیرانەکان و نیازی ئاشتیخوازانەی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کێشایە سەر مێزی وتووێژ. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ناخی خۆیاندا باوەڕیان بە مافی نەتەوەکان، کەمایەتییە ئایینییەکان بێجگە لە نەتەوەی حاکم و ئایینی شیعە نەبوو، ئەم دەرفەتەیان بە هێند وەرگرت و بە تیرۆرێکی ناجوامێرانە، ئەم سیاسەتڤانە هەڵکەوتوو و پەیامهێنەری ئاشتی و پێکەوەبوونەیان شەهید کرد.

کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور قاسملوو نەتەنیا نەیتوانی پێش لە خەباتی مافویستانە و ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بگرێ بەڵکوو ئەمجارەیان لەگەڵ شێلگیری و فیداکاری زیاتری ڕێبوارانی ئازادی و هاوسەنگەرانی قاسملووی شەهید بەرەوڕوو بوویەوە. دوابەدوای ئەم کردەوە تیرۆریستیەی کۆماری ئیسلامی، حیزبی ئێمە توانی بە ڕێبەریی دوکتور سادق شەرەفکەندی، خەباتێك کە قاسملووی شەهید بەدەستیەوە گرتبوو، بە باوەڕێکی پوڵاین و هەنگاوی قایم بەرەو پێش بەرێ. پڕکردنەوەی بۆشایی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە لایەن دوکتور شەرەفکەندی هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە مەبەستی سڕینەوەی دژبەران و بەتایبەت حیزبی ئێمە کە ڕۆڵی بنەڕەتی بۆ ئۆپۆزیسیۆن هەبوو، بێ ئاکام هێشتەوە. ڕێبەرانی شەهیدی ئێمە لە سیاسەتی وتووێژ و چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی پرسی کوردستان بەرگریان دەکرد و لە هەوڵدا بوون تاکوو شێوازێك بێجگە لە توندوتیژی بکەنە بنەمای بنەڕەتی سیاسەتی حیزب. کۆماری ئیسلامی کە لە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد و هەروەها یەکگرتوویی و یەکگرتنی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە سێبەری هەوڵ و ڕۆڵی بنەڕەتی دوکتور شەرەفکەندی لەو سەردەمەدا ترسیان لێ نیشتبوو، دیسانەوە بە دووپاتکردنەوەی سەرلەنوێی سیاسەتی جنایەتکارانەی خۆیان، جارێکی دیکە ڕوویانکردە تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری حیزبی ئێمە.

بەڵگەکانی تیرۆری میکۆنووس وەها ڕوون بوون کە شوێنێکی بۆ گۆمان نەهێشتەوە. دادگای میکۆنووس یەکێك لە ئاڵۆزترین و درێژماوەترین دادگایی لە مێژووی ئاڵمان بوو. گۆشارەکان و ئەو هەڕەشانەی کە لە لایەن ئێران و تەنانەت هێندێکجار کارشکێنی دەوڵەتی ئاڵمان لەبەر بەرژەوەندیە بازەرگانییەکانی لەگەڵ ئێران بۆ سەر دادستان و قازییەکانی پەروەندەکە ، نەبووە هۆی بەرەوپێش نەچوونی و بڕیاری بێ وێنەی دادگا، سیستم قەزایی و لێزانی قازییەکان بۆ ڕوونبوونەوەی پەروەرندەکە، زۆریەك لە هاوکێشە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد. بە ڕوونبوونەوەی بڕیاری دادگا و مەحکووم کردنی کردەوەکانی «کومیتەی کاروباری تایبەتی کۆماری ئیسلامی» کە تا ئەوکات ئەرکی سڕینەوەی فیزیکیی دژبەرانی ڕێژیمی لە دەرەوەی وڵات لە ئەستۆ بوو، بۆ ماوەیەك پێوەندی ئێران لەگەڵ ئاڵمان و تەنانەت یەکیەتی ئۆرووپا ڕووی لە ساردی کرد. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە حکوومەتی ناڕەوای خۆی، هەموو بەها ئەخلاقی، مرۆیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژێر پێ نا و کەڵکی وەرگرتووە لە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندووتیژی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە نامرۆییەکانی . بۆیە ڕسوایی خۆیان و تەریك کەوتنەوە، زیانە ئابووریە پشت شکێنەکان بۆ سەر ئێرانییەکانی گۆڕیوەتەوە بە لەنێوبردنی دژبەرانی کە خوازیاری مافی بەرابەر و دێموکراسی بوون.

# بێگانەکان لە نێو شەڕگەی ئیسلامیستەکاندا

سەلام ئیسماعیل پوور

لەم ڕۆژانەدا و هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی زیاتری نفووز و دەسەڵاتی تاقم و لایەنەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی وەك عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەندا، پرسی بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ نفووز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە ڕۆژەڤی سیاسەتی دەوڵەتەکانی وەك تورکیە و هێندێك لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی. هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتیی عەرەبی بە ڕێبەرایەتیی شانشینی سعوودی بۆ سەر پێگەکانی چەکدارانی حووسی لە یەمەن و پشتیوانییە جۆراوجۆرەکانی تورکیە، ئەمریکا و هێندێك وڵاتی دیکە لەم هێرشە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت نیشاندەری پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی بەربڵاو و تۆکمە دژ بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدایە، بەڵام ئاوڕدانەوەیەك لە بارودۆخ و ڕاستییەکانی سەر ئەرزی واقیع لەو شەڕەدا دەرخەری ئەوەیە کە هاوکێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بە شێوەی ڕووکەشی بتوانین لایەنە نارووونەکانی شی بکەینەوە و لێی تێبگەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای توانای سەربازیی بەرزی وڵاتانی وەك عەرەبستان و تورکیە بە بەراورد لەگەڵ ئێران، بە تایبەتی لە شەڕی ئاسمانیدا کە ڕەنگە وا لە ڕێژیمی ئێران بکات کە بیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و جیددی لەگەڵ سوپای ئەو وڵاتانە لە شەڕەکانی یەمەن، عێراق و سووریەدا نەکاتەوە، بەڵام ڕونگە لە سەر زەویدا هێزی وشکانیی ئەم وڵاتانە خاوەنی توانایەکی پێویست لە دەرەوەی سنوورەکانیان نەبن، هەر ئەم مەسەلەیەش هاوکێشەکە چەندقات ئاڵۆزتر دەکات.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی پاش هاتنە سەرکاری خۆیدا هەستی بەو ڕاستییە کردووە کە لەم ناوچەیەدا تەنیا دەوڵەتەکان و لایەنە دەسەڵاتدارەکان نین کە دەتوانن وەکوو ئەکتەرێکی شوێندانەر لە کایە و ململانێ سیاسییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن، بەڵکوو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك، بزووتنەوەکان، تاقم و گرووپەکان، هۆزەکان و بەریانە سیاسی و ئایینییەکانیش دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن. هەر بۆیە بە پێڕەوکردنی سیاسەتەکانی وەك «هەناردەکردنی شۆڕش» و پاڵپشتیکردنی جووڵانەوە بەناو گەلییەکان و لە ڕاستیدا تاقمە تیرۆریستییەکان و هەوڵدان بۆ کاریگەریی نەرم لە سەر کۆمەڵانی خەڵك لەو وڵاتانەدا، توانیویە جێگە پێیەك لە سەر عەرز لەو وڵاتانەدا بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بە جۆرێك کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەدا لە سەر تێچوو و هێزی مرۆیی وڵاتانی مەبەست و لە خاکی خۆیاندا دابین بکات.

هەر بەم هۆیەوە، وڵاتانی وەك تورکیە و شانشینی سعوودی و حکوومەتە عەرەبییەکانی دیکەی ناوچەکە کە زۆر درەنگتر لە ڕێژیمی ئێران لەو بوارەدا کەوتوونەتە خۆ، هەنووکە بە هاتنەناوەوەی ڕاستەوخۆ بۆ شەڕە ناوچەییەکان بەرانبەر بە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران، لە ڕاستیدا بە بێ تێکهەڵچوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، ئەو ڕێژیمە و هەر وەها بەشێك لە خەڵکی ئەو ناوچەیان هەرچی زیاتر کردۆتە دوژمنی خۆیان. ئەو مەسەلەیە زیاتر بە هۆی ئەوەیە کە حکوومەتە عەرەبییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا هەرگیز بە شێوەی جیددی بە تەنگی ئەوەوە نەبوون کە دزە بکەنە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی خۆیان و وڵاتانی دەوروبەریان، بەڵکوو زیاتر لە بیری ئەوەدا بوون کە لە هاوکێشەکانی ناوچەدا پاڵپشتیی ڕێژیمە نادێموکراتیکەکانی هاوشێوەی خۆیان لە بەرانبەر گوشارە نێوخۆییەکان و هەڕەشە دەرەکییەکاندا بکەن.

بەڵام لە بەرانبەردا، ڕێژیمی ئێران سەرەڕای نێوەڕۆکی نادێموکراتیکی خۆی، ڕاشکاوانە ڕێژیمەکانی ناوچەی بە کۆنەپەرست ناو بردووە و دەمامکی پشتیوانی لە گەلانی بندەست و بزووتنەوە گۆڕانخوازەکان (بە تایبەتی ئیسلامییەکانی) لە چاو کردووە و لەو ڕێگەیەوە ـ نەك بە مەبەستی داکۆکی لە داخوازییە جارجار دێموکراتیکەکانی لایەنەکان و توێژە ستەملێکراوەکانی ناوچە، بەڵکوو بە ئامانجی کەڵکاژۆ وەرگرتن لەوانە وەکوو مۆرەکانی شەترەنجی خۆی لە ململانێ ناوچەیی و جیهانییەکاندا ـ هاتۆتە نێو کایەکانەوە.

هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێ بە کەڵك وەرگرتن لە حووسییەکان لە یەمەندا (وەکوو سەربازەکانی شەترەنجی خۆی) حکوومەتە عەرەبییەکانی ناوچە ناچار بە کەڵك وەرگرتن لە سوپا کلاسیکەکانی خۆیان بکات و تووشی شەڕێکی پارتیزانیی پڕووکێنەریان بکات کە دوورەدیمەنی سەرکەوتن تێیدا ڕوون نییە. لە لایەکی دیکەوە، تەنانەت بە وێکەوتنی زیانی قورس لە حووسییەکانیش ( تێداچوونی خەڵکی مەدەنی ) لەو شەڕەدا سەرەڕای ئەوەی کە زیانێکی ڕاستەوخۆ وە بەر ڕێژیمی ئێران ناکەوێت، بەڵام هەوڵ دەدا بەرپرسیارێتییەکی سیاسی و مرۆییش بخاتە سەر شانی هاوپەیمانێتیی عەرەبی و بەرەبەرە تای تەرازووی بیروڕای گشتیی جیهانی و ناوچەیی و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە زەرەری ئەوان بشکێنێتەوە لە حاڵێکدا ڕاستیەکە غەیری ئەوەیە.

لە وەها هەلومەرجێکدا هاوپەیمانێتیی عەرەبی ناتوانێ چاوەڕوانی یارمەتیی تورکیەش بێت، چوونکە تورکیە تەنیا لە باری زانیاری و لوجستیکی هاوکاری دەکا و هاوپەیمانێتیی عەرەبی خاوەنی هاوپەیمانانی وەك هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (شیعەکانی عێراق، ڕێژیمی سووریە، حیزبوڵڵای لوبنان، حووسییەکانی یەمەن و تەنانەت شیعەکانی یەمەن و عەرەبستان) نین کە لە ڕووی بیروباوەڕەوە خاوەنی هاوپێوەندییەکی پتەون و خۆیان بە تەواوی خستۆتە خزمەتی ئەجێندای هێژمۆنیخوازانەی ڕێژیمی ئێران.

ئەو ڕێژیمە عەرەبییانە لە دژایەتیکردنی ئاشکرای ئیسلامی سیاسیدا (چ لە جۆری AKPو ئیخوان، چ لە چەشنی سەلەفیەتی جیهادی و چ لە جۆری شیعییەکەی) خاوەنی بیروڕایەکی هاوشێوەن. لە حاڵێکدا کە هەنووکە لە سەر ئەرزی واقیع و بە کردەوە ئەوە لایەنەکانی سەر بە ئیسلامی سیاسی لە هەموو جۆرەکانن کە بە جیددیترین ئەکتەرەکانی نێو گۆڕانکارییەکان و شەڕەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژمێردرێن. ڕێژیمی ئێران بۆ خۆی بەشێکە لە یارییەکە و خاوەنی ئەزموونی کایەکردن لە وەها گۆڕەپانێکدایە، بەڵام ڕێژیمە سێکۆلار و هەڵبەت نادێموکراتیکە عەرەبییەکان، پشتیوان و هاوپەیمانی ڕاستەقینەی هیچ یەك لە ڕەوتە بەهێزەکانی سەر بە ئیسلامی سیاسی نین و پێگە و نفووزیشیان لە نێو ئەم ئەکتەرانەدا بەرچاو نییە.

زۆربەی ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق لە ژێر دەستی داعشدان و سیاسەتڤانە سوننەکانیش کە ڕێژیمە عەرەبییەکان پێوەندییەکی باشیان لەگەڵیان هەیە، هەنووکە تەنانەت ناتوانن بڕۆنە نێو شارەکانی خۆیانیش.

لە سووریەش لایەنەکانی وەك داعش و بەرەی نوسرە، هەنووکە دەستیان بە سەر زۆربەی ناوچەکانی ژێردەستی نەیارانی ئەسەددا گرتووە و ڕێکخراوەکانی دیکەش لە ڕیفی دیمەشق، حەلەب و دەرعا زۆربەیان یان سەر بە گرووپە سەلەفییە جیهادییەکانن یان گرووپەکانی نزیك لە ئیخوانول موسلمین. لە لایەکی دیکەوە، توانای ڕێژیمە عەرەبییەکان بۆ یارمەتیدانی کردەکیی گرووپەکانی سەر بە خۆیان، لە بەرانبەر یارمەتییەکانی ئێراندا بۆ هێزەکانی بەشار ئەسەد بەرتەسك و زۆر کەم بووە.

یارمەتییەکانی چەکوچۆڵ بۆ گرووپەکانی ژێر چەتری پشتیوانیی عەرەبستان، قەتەر و تورکیە (بەدەر لە داعش ) تا ئێستا هێڵە سوورە دیاریکراوەکانی ئەمریکای تێپەڕ نەکردووە. گرینگترین یارمەتییەکانیان لەو پێوەندییەدا چەکی دژەتانك و دژەئاسمانی بووە کە لە بەرانبەر یارمەتیی بێ سنووری ئێران و حیزبوڵڵادا بۆ هێزەکانی بەشار ئەسەد ـ کە هەنووکە هەموو ناوەندەکانی پارێزگاکانیان بەدەر لە «ڕەقە و ئیدلیب» لە ژێردەستدایە ـ زۆر کەمە.

لە یەمەنیش کێشەی عەرەبستان ئەوەیە کە نازانێ پاش بۆردمانە هەواییەکانی دژ بە حووسییەکان و لایەنگرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە نێو سوپادا، لە سەر عەرز دەبێ بێجگە لە دەوڵەتی یاسایی پاڵپشتیی چ لایەنێك بکەن، چوونکە لایەنە شوێندانەرەکانی دیکەی یەمەن بریتین لە ئەلقاعیدەی یەمەن و حیزبی ئیخوانیی «ئیسلاح» کە هەردووکیان لە ڕوانگەی عەرەبستانەوە، بە نەخوازراو دێنە ئەژمار. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێران لە نێوخۆی یەمەندا خاوەنی هاوپەیمانانی دەستڕۆیشتووی وەك حووسییەکانە.

تەنانەت تورکیەش کە یارمەتییەکی زۆری شۆڕشی سووریەی داوە، وێدەچێت کە نەتوانێ لەوە زیاتر درێژە بە جموجۆڵەکانی بۆ پشتیوانی لە نەیارانی بەشار ئەسەد بدات تاکوو بەرەنگاری دەستێوەردانەکانی ئێران ببنەوە. چوونکە لە وەها ئەگەرێکدا، هاوپەیمانە ئەمریکاییەکانی خۆی لە دەست دەدات.

سەرەڕای هەبوونی سنوورێکی دوورودرێژ لە نێوان تورکیە و سووریەدا، ئەو وڵاتە هێشتا نەیویستوە هێزە سەربازییەکانی خۆی بنێرێتە نێو سووریە، لە حاڵێکدا کە ئێران لە چەندین کیلۆمیتر دوورترەوە لە سەر داوای ئەسەد یەکینەکانی سپای پاسدارانی ناردۆتە سووریە و لە تێکهەڵچوونەکانی ئەو وڵاتە و هەروەها عێراقدا چالاکانە بەشدارە و سەرەڕای ئەوە، دەتوانێ بۆ نموونە بە هۆی ئایەتوڵڵا سیستانی، بەشار ئەسەد، سەید حەسەن نەسروڵڵا و حووسییەکانەوە، بەشێك لە خەڵك لە عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەن تووشی شەڕێك بکات کە بۆ خۆی هاندر و پێکهێنەری بووە. لە وەها هەلومەرجێکدا کار بۆ ڕکابەرە ناوچەییەکانی ڕێژیمی ئێران لە پێناوی کەمکردنەوەی ڕادەی دەستڕۆیشتوویی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدا و بەربەرەکانێی کاریگەر لەگەڵ ئاژاوەگێڕییەکانی بە بێ گۆڕانی ستراتێژی کۆنی «هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕێژیمەکانی ناوچە و نەك هەوڵدان بۆ ڕۆیشتنەناو گرووپەکان لە ناوچە» بە واتای کایەکردن لەگەڵ کۆمەڵێك مۆرەیە کە لە جۆری خودی یارییەکە نین و ئەو مەسەلەیە کاری ئەوان دژوارتر دەکات.

# ئینتێرنێت، دونیایەک بۆ هاوارە کپکراوەکان

ن: شارام میرزایی
و: جاقل

حکوومەتەکان بەدرێژایی تەمەنی خۆیان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کۆنترۆڵێکی گشتگیریان بەسەر کۆمەڵگا و کردەوەکانیدا هەبێت، هەوڵێك کە تا هەنووکەش درێژەی هەبووە و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی حکوومەتەکانی وەکوو فەزایەکی مالیخولیایی و پڕاوپڕ لە وەهم بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. مێژووی شیکارانەی حکوومەتەکان ئەم هەوڵە بێ‌پسانەوەی دامەزراوە حکوومەتییەکان دەخاتەڕوو و ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە ئەم پێکهاتە حکومەتییانە بە چ شێوازێك هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ تاکوو بتوانن چاودێری و کۆنترۆڵی تەواویان هەبێ بەسەر پێوەندیی نێوان چین و توێژ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکار و کردارەکانیان تاکوو بەم‌شێوەیە بتوانن بوونی خۆیان لە تاکەکەسی‌ترین لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکان بسەلمێنن، پرسێك کە لە دونیای ئەمڕۆدا و لە هەزارەی سێهەمدا زۆر ئاڵۆزتر لە ڕابردوو جێ‌بەجێ دەکرێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش کۆمەڵگای ئازادی مرۆڤایەتی لەسەر بناغەی «مافی ژیانی ئازاد و سەربەست» بۆ مرۆڤەکان، بەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوە و داهێنانی ڕێکاری نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم زێدەخوازییە حکومەتییانە و تێك‌شکاندنی هەیمەنەی حاکمەکان و نیهادە دەسەڵاتبەدەستەکان بووە، هەوڵێکی بێ‌کۆتایی لە خەباتێکی نایەکسان بۆ گەیشتن و هێنانەدی ئاواتە بەرزە مرۆڤ‌تەوەرەکان.

ئینتێرنێت دەلاقەیەکی نوێی بۆ دونیای مرۆڤەکان کردەوە تاکوو لەم ڕێگەوە بتوانێ هەیمەنە و دەسەڵاتی دەسەڵاتبەدەستان بخاتە ژێر پرسیار و بێ هەڕەشە و ترس لە گشتخوازی و تۆتالیتاریزمی حکوومەتەکان، بەوشێوە کە خۆی دەیهەوێ جیهانی فکری و زەینی خۆی بئافرێنێت.

ئەم تایبەتمەندییەی ئینتێرنێت دەتوانێ گەورەترین کێشەی حکوومەتەکان، بەتایبەت حکوومەتە تۆتالیتار و نادێمۆکراتیکەکان لە سەدەی ٢١ بێت، قەیرانێك کە ژیانی ئارامی لە دیکتاتۆرەکان شێواندووە و وێڕای تێك‌شکاندنی سنوورەکان هەموو جیهانی لەگەڵ تەقینەوەیەکی گەورەی زانیاری و پێوەندییەکان بەرەوڕوو کردووە، هەر بەم‌هۆیەوە ئێمە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بینەری هەوڵێکی لەڕادەبەدەری حکومەتەکان لەمەڕ کۆنترۆڵ و بەشداری زیاتر لەم جیهانە بێ‌دەوڵەتەدا بووین.

«فەتا»گۆپاڵی دیجیتاڵی سەرکوت

پۆلیسی «فەزای بەرهەم‌هێنان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی ئێران» کە کورتکراوەکەی دەکاتە «فەتا»، لە ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ بە بڕیاری ڕاستەوخۆی فەرماندەی ئەو کاتی هێزی ئینتزامی و بەمەبەستی دابین‌کردنی نەزم و ئەمنیەت و ئاسایش و تەناهی گشتی و تاکەکەسی لە نێو فەزای مەجازی‌دا دەستی بەکار کرد، هەڵبەت ئەو ئامانجانەی کە لەلایەن هێزی ئینتزامییەوە باس کران تەنیا چەشنێك لە پاساوهێنانەوە بۆ بەشداری ئەم پێکهاتەیە لەنێو فەزای مەجازی‌دا بوو و ئامانجی نادیار و سەرەکی ئەم هێزە لە دامەزراندنی ئەم نیهادە بریتی بوون لە هەك کردنی سایتەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن، دزەکردن لەنێو سیستمی ئەمنیەتی وڵاتانی دراوسێ و ناوچە، کۆنترۆڵ و گوێدێر کردنی ئاخاوتنە ئینتێرنێتییەکان، کۆنترۆڵ و دزەکردن لەنێو ئەکاونتی کەسایەتییەکان و کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو، ساختەکاری ئینتێرنێتی و ....

سێ هۆکاری سەرەکی بۆ بیچمگرتنی «فەتا»بوونیان هەیە: ١. دزەی ڤیروس لەنێو سیستمەکان بەتایبەت ناوەندە ناوکییەکان و نزم‌بوونی ئاستی سیستمی ئەمنیەتی ئێران.

٢. ڕووداوەکانی پاش بەناوهەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ٨٨.

٣. پەرەسەندنی پرسی شوناسخوازی نەتەوەکانی ئێران.

ئینتێرنێتی نەتەوەیی یان بەندیخانەی نەتەوەیی

کۆنترۆڵ کردنی بەکاربەرانی ئینتێرنێت لەلایەك و نەبوونی کۆنترۆڵی فەزای مەجازی لەلایەن حکومەتی ئیسلامییەوە، دەوڵەتی ئەو کاتی ئێرانی هاندا تاکوو بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی و پێشگرتن لە چوونە سەری زانیاری گشتی وەکوو سەرەکیترین ئانتی‌تێزی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی، کۆمەڵێك هەوڵی چڕوپڕ و بەربڵاو بۆ کۆنترۆڵی ئەم بەشە بخاتە گەڕ. بۆ ئەم مەبەستەش بەپێی ماددەی ١٠ی بەرنامەی پێنجەمی گەشەپێدان ئەرکی «بەهێزکردنی ڕاگەیەنە ماهوارەییەکان و ئینتێرنێتی نەتەوەیی بۆ بەربەرەکانێی ڕاگەیێنە گشتییەکانی دوژمن، پەلاماری فەرهەنگی، تاوان و بێ‌نۆڕمییە میدیاییەکان» خستە ئەستۆی دەوڵەت.

هەروەها بەپێی ماددەی ٤٦ی ئەم بەرنامەیە دەوڵەت و لەسەروی ئەویشدا وەزارەتی «ئیرتباتات و فەناوەری» ئەرکدار کران بەوەیکە تۆڕی نەتەوەیی ئینتێرنێت دابمەزرێنن و پەرەی پێبدەن.

کە سەرەڕای ئەوەیکە دەوڵەتی یازدەیەم بە درۆ و دەلەسە بەڵێنی چاکسازی لە بارودۆخی ئینتێرنێت دابوو. لەم ڕاستایەدا « مەحموود واعێزی» وەزیری ئیرتباتات لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسبەکاربوونی ڕایگەیاند کە خێرایی ئینتێرنێت شیاوی خەڵکی ئێران نییە و بەڵێنی دا کە کەش و دۆخی ئینتێرنێتی وڵات باشتر بکات بەڵام لە دوایین وتوێژی خۆیدا ڕایگەیاند: تا کاتێك کە تۆڕی نەتەوەیی ئینتێرنێت وەڕێ نەخرێت، هیچ ئاڵوگۆڕێك لە خێرایی ئینتێرنێتدا نایێتە ئاراوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن نیهادە نێونەتەوەییەکانەوە سەبارەت بە ئیرتباتات بڵاو کراوەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٠ دا ئێران لەبواری خێرایی ئینتێرنێتەوە پلەی ١٤٢، لە ساڵی ٢٠١١ پلەی ١٥٥و لە ساڵی ٢٠١٣دا پلەی ١٦٩ی بۆ خۆی تۆمار کردووە. هەروەها لەم ڕاپۆرتانەدا هاتووە کە ئێران بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و دراوسێکانی خاوەنی هێواشترین ئینتێرنێتە هەر بۆیە لە دوایین پلەی ئەم خشتەیە لە ناوچە جێ دەگرێت. ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەپێی «سەنەدی بەرجەوەنی ٢٠ساڵە» و هەروەها بەپێی بەرنامەی پێنجەمی گەشەپێدان، ئێران دەبێ تاکوو ساڵی ١٣٩٤ پلەی دووهەمی وەزعییەتی



تۆڕی ئینتێرنێتی نەتەوەیی چەمکێکی ناڕوون و لێڵە، هەربۆیە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ڕێژیم لە ساڵی ١٣٨٥دا بوودجەی پێشنیاری بۆ وەڕێخستنی ئەم تۆڕە پەسند نەکرد و لە کۆتاییشدا دەوڵەتی ئەو کات ناچار بوو لە جۆزەردانی ساڵی ٨٦دا ئەم بوودجە لەڕێگەی هەیئەتی وەزیرانەوە پەسند بکات.

ئەحمەدی‌نژاد شێلگیر بوو لەسەر ئەوەیکە بە هەر شێوەیەك کە بۆی دەلوێ گەڵاڵەی ئاماژەپێکراو لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداریتی خۆیدا بگەیێنێتە ئەنجام و دامەزراندن و گەشەدان بە تۆڕی ئینتێرنێتی نەتەوەیی بە ناوی دەوڵەتی ناوبراوەوە تۆمار بکرێت، ئاواتێك کە تەنیا خەون و خەیاڵ بوو و لەڕاستیدا دەوڵەتی نۆیەم و دەیەم توانای جێ‌بەجێ کردنی ئەم گەڵاڵەیان نەبوو.

دیاریکردنی بوودجەی هەزار میلیاردی دەوڵەت بۆ گەڵاڵەیەکی سەرکوتکارانە وەبیرهێنەرەوەی ڕوانین و زەینیەتی مالیخولیایی و گشتخوازی ئەو دیکتاتۆرانەیە کە لەئێستادا جگە لە ناو و مێژوویەکی ڕەش هیچ شتێکی دیکەیان لێ بەجێ نەماوە.

ئینتێرنێتی لەسەرەخۆ و شکستێکی ئاشکرا

لەدرێژەی پیلانەکانی کۆنترۆڵ و زاڵ‌بوون بەسەر فەزای ئینتێرنێتی و دوابەدوای پەسند کردنی ئایین‌نامەیەك کە لەلایەن وەزارەتی «ئیرتباتات»ەوە لە ساڵی ١٣٨٥ دەرکرا، دانی پۆرتگەلی باندی زیاتر لە ١٢٨ کیلۆبایت بەسەر چرکە بۆ بەکاربەرانی ئینتێرنێتی نێوماڵ قەدەغە ڕاگەیێندرا، چونکە وەك وەزیری «ئیرتباتات» دەڵێ ئینتێرنێت پێویستی بە خێرایی نییە. ئەم ڕەوتە تەنانەت لە سەردەمی سەرکۆماری «حەسەن ڕووحانیش» درێژەی هەبووە بەچەشنێك ئینتێرنێتی لە ناوچەدا بۆخۆی مسۆگەر بکات بەڵام ئامارەکان و ڕاستییەکانی ئێستای ئینتێرنێتی ئێران ئەوەمان پیشان دەدات کە دەوڵەت لە جێ‌بەجێ کردنی ئەم سەنەدە تووشی شکستێکی ئاشکرا و پاساوهەڵنەگر بووە.

هەڵبەت بەسەرهاتی ئینتێرنێت لە ئێراندا بەوەندە کۆتایی نایێت و نرخی زۆری پانایی باندیش بۆخۆی کێشەیەکی چارەسەرنەکراوە . بەپێی ڕاپۆرتێك کە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسەوە بڵاو کراوەتەوە، خزمەتگوزاری ئینتێرنێتی لە ئێران ٢٥قات زیاتر لە نرخی یەکەمی خۆی دەگاتە دەستی خەڵك، بەچەشنێك کە نرخی دیاریکراو ی ١ مێگابایت لە چرکەدا بۆ هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی ٢٣٠ هەزار تمەنە، لەحاڵێکدا کە نرخی وەها پانای باندێك بۆ هاووڵاتییەکی ژاپۆنی ١٢٠ تمەن و بۆ هاوڵاتییەکی کۆرەیی ٢٦٤٠ تمەنە.

ئینتێرنێت و بزووتنەوە شوناسخوازەکان

مەیسەم بادامچی لە وتارێکدا بەم‌شێوەیە باسی بارودۆخی بزووتنەوە شوناسخوازەکان دەکات:«چاوخشاندنێك بە نێو دونیای ئینتێرنێتدا دەری دەخات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا پرۆسەی ناسیۆناڵیستی نەتەوەکانی ئێران گەشەی کردووە.» ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێ:» هاتنەئارای ڕەوتی ناسیۆناڵیستی نەتەوەکان لە فەزای کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ئێران نیشاندەر و دەرخەری بوونی چەشنێك لە قەیرانی مۆدێرنیتەیە کە ئەگەر بەشێوەیەکی بناغەیی چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە.... بارودۆخێکی نەگونجاو داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران دەگرێتەوە و لەڕاستیدا یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە.» ترس و دڵەڕاوکێی بەناو ڕوناکبیران و تویژی ئاکادێمیستی ئێرانی کە لەنێو گۆماوی شۆڤینیستی گشتی‌خوازدا گیریان کردووە لەنێو هەموو بابەت و لێکدانەوەکان و دانیشتنەکانیاندا بەدی دەکرێت، ترس لە پەرەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران و چوونەسەری ئاستی شوناسخوازی ئەم گەلانە.

ترسێك کە بووەتە هۆی بیچمگرتنی یەکگرتوویەکی فاشیستی لەنێوان بەناو نوخبە ناوەندگەراکانی ئێران و حکوومەتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵ کردنی ئەم ڕەوتە، یەکگرتوویەك بە بەرنامەداڕێژییەکی ورد، لەلایەکەوە خوێندەواران و ئاکادێمیستە ناوەندگەراکان تیۆری و ڕێکارەکانی سەرکوت کردن دەخەنەڕوو و لەلایەکی دیکەوە نیهادە حکوومەتی و ئەمنیەتییەکان جێ‌بەجێی دەکەن.

پێك‌هێنانی هێزێکی تایبەت بۆ کۆنترۆڵی فەزای ئینتێرنێت (فەتا)، خێرایی زۆر کەمی ئینتێرنێت و نرخی لەڕادەبەدەری و هەروەها سازکردنی تۆڕی ئینتێرنێتی نەتەوەیی!؟ سێ بەشی پازڵێکی گشتین کە سەرەکیترین ئامانجی سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان بەتایبەت بزووتنەوەی کوردستانە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی هاوچەرخی کورد بە مێژووی ٧٠ ساڵ و هەروەها بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك و بەهێز کە لەڕاستیدا تەنیا ئۆپۆزسیۆنی ئازادیخواز و خەباتکاری چالاك لە ناوچەدایە کە دەتوانێ گەورەترین مەترسی بۆ بەردەوامی ژیانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دروست بکات، بزووتنەوەیەك بە ڕێکخستنێکی چالاك لەنێو سنوورەکانی ئێران کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەنجومەنە مەدەنییەکان و نیهادە چالاکەکانی مافەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت و لە ماوەی ساڵانی دوورودرێژی زەبروزەنگ مەشخەڵی یەکسانی، ئازادی و شوناسخوازییان هەڵگرتووە و توانیوییەتی ئەم داواکارییانەش بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگوازێتەوە ، بەچەشنێك کە هەنووکە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەبەکان، تورکە ئازەرییەکان و بەلووچەکان قەرزداری بزووتنەوەی کوردستانن.

بارودۆخی لوڕستان نموونەیەکی ئاشکرای لە ڕاگواستن و پەرەسەندنی بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی کوردستانە. پاش سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینی لوڕەکان لە سەردەمی ڕەزاخاندا ئێمە شاهێدی بێدەنگییەکی درێژخایەن لەم ناوچەیەدا بووین. بەڵام زیندووبوونی خەباتی مرۆڤ تەوەرانەی گەلی کورد توانی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا توێژێکی تایبەت لە لوڕەکان بکێشێتە نێو گۆڕەپانی مافویستی کە دەتوانین خۆپیشاندانە بێ‌وێنەکانی زستانی ٩٢و بەهاری ٩٣ وەك دیارترین دەرەنجامی ئەم ڕەوتە لەقەڵەم بدەین. بەشداری و کەمڕەنگ بوونی ئامادەبوونی حیزبە کوردییەکان لە پارێزگا لوڕنشینەکان و کەمی بەرنامەی تێلفزیۆنی و ڕادیۆیی بە لوڕی لە کاناڵە کوردییەکاندا، چالاکانی شوناسخوازی لوڕزمانی بەرەولای کەڵك‌وەرگرتنی زیاتر لە ئینتێرنێت هان داوە.

پلۆمپ کردنی ١٥ کافی‌نێت لە پارێزگا لوڕنشینەکان و هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی کاری ٢٢ کافی‌نێتی دیکە لە هاوینی ساڵی ٩٣دا دەرخەری گرینگی و هەستیاربوونی لەڕادەبەدەری ئەم ناوچانە و پۆتانسیەلە پەنگ‌خواردووەکانە.

ئاماری ٤٠ میلیۆن بەکاربەری ئینتێرنێت لە ئێراندا ڕەنگە بتوانێ سووچێکی بچوك لە گرینگی حاشاهەڵنەگری ئەم دونیا نوێیەمان لەمەڕ درێژەدان بە چالاکییە سیاسیەکان و پەرەسەندنی ئاستی دزەی حیزبە کوردییەکان لە ناوچە دوورەدەستەکانی کوردستان زیاتر بۆ بخاتەڕوو. دونیایەك کە پێویستە بناسرێت و کەڵکی لێوەربگیرێت تاکوو داهاتوویەکی گەشتر بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بێنێتە ئاراوە.



## جووت حەوت

### هەوراز

ـ پاش ئەوەی کە عەرەبستان هێرشی کردە سەر حووسییەکانی خامنەیی لە یەمەن، لە پڕێکدا کۆماری ئیسلامی کە لە بیانوو دەگەڕا بۆ هێرشکردنە سەر ئابڕوو و حەیسیەتی عەرەب جەماعەت، دوو کەس لە پۆرن ستارە پرۆفیشناڵەکانی حەوزەی قومی ناردە عەرەبستان کە لەوێدا خۆیان بە ... بدەن و ئابڕوو بۆ خۆیان و خانەدانی سعوود و نەتەوەی عەرەب نەهێڵن و هاواریان لێ بەرز بێتەوە کە «ئاااااااااای خەڵکینە بۆچی بێدەنگ دانیشتوون؟ ئەوە عەرەب نامووسی بردین و هەرچی حەجاجمان بوون، ئەتك کران و دەستدرێژی کرایە سەر شارستانیەتی ٢٥٠٠ ساڵەمان و...». وای لێ هات کە لەم ڕۆژانەدا هەر کەسێك بڵێ عەرەبیش مرۆڤن و چاك و خراپیان تێدایە، مەگەر فەیسبووك، ئیمەیل، ئینستاگرام یان شتێکی لەو بابەتەی نەبێت کە کۆلکە ئارياییەکان بە «سەبرێك و دوو فوو» بیدۆزنەوە و بە لێشاوی جنێو و سووکایەتی، بوغزی ١٤٠٠ ساڵەیان بە سەریدا بڕێژن. ئێستا لە هەموو شوێنێك باس باسی دەستدرێژییە، مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەڵێ «دەستدرێژی نەبووە، هاوشێوەی دەستدرێژی بووە!»، حاجیە خانم مەرزیە ئەفخەم دەڵێ «ئەوە دەستدرێژییەکی سیستماتیك بووە کە ئالی سعوود کردوویانەتە سەر ئێمە»، دەزگای قەزایی دەڵێ «ئەوە بە فتوای ئیمام جومعەی شاری جەدە بووە (کە وادیارە دەبێ ئەمەیان ڕاست بێت چوونکە بۆ خۆیانیش شارەزای ئەو بوارەن)»، تیمی فووتباڵی پرسپوولیسیش کە لە عەرەبستان سێ گوڵیان لێ کرد و نقەی لێ نەهات، لە یاریی گەڕانەوەدا بە گیانەملی گوڵێکی کرد و ئێستا دەڵێ وەڵامی دەستدرێژیی سعوودییەکانمان هەم بۆ سەر یەمەن و هەم بۆ سەر حاجییە ئەتککراوەکانمان داوەتەوە (کەسێك نیە پێیان بڵێ پاڵەوان! ئێوە بڕۆن تۆڵەی سێ گۆڵەکەی خۆتان بکەنەوە، تۆڵەی دەستدرێژی بهێڵنەوە بۆ شارەزایانی ئەو بوارە لە گرتووخانەی کەهریزەك و دەزگای قەزایی و هێزی ئینتزامی و شوێنە پێوەندیدارە یاساییەکانی دەستدرێژیکردن)، سازمانی حەج و ئەوقاف دەڵێ ئیتر لە ڕقی ئالی سعوود زیارەتی ماڵی خودا و پێغەمبەریش تەحریم دەکەین (شایانی باسە سعوودییەکان حازرن پووڵێکیش بدەن چاویان بە نووری ناوچاوی حەجاجی ئێرانی نەکەوێ)، ئەنساری حیزبوڵڵا دەڵێ: «کاردانەوەی ئێمە بۆ ئەو دەستدرێژییە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت (ئەوەی کە پلانی دەستدرێژییەکەیان چۆنچۆنی دەبێت کە کاریگەری لە سەر جوغرافیا و جیۆپۆلیتیك دادەنێت، دەبێ لە مامۆستایانی بواری سێکسۆپۆلیتیکی کۆماری ئیسلامی بپرسین)».

لە هەموان خۆشتر قسەکانی حائیری، نوێنەری مەجلسی خوبرەگانە کە دەڵێ: «ئەو دەستدرێژییە هاوکات لەگەڵ وتووێژە ناوکییەکانی لووزان بووە، هەر بۆیە دەبێ زۆر ئاگادار بین کە خودای نەخواستە وەك چۆن لە فڕۆکەخانەی جەددە بە بیانووی پشکنینی جەستەیی دەستدرێژی کرایە سەر دوو حاجیی ئێمە، هەروەهاش بە بیانووی پشکنینی دامەزراوە ناوکییەکان دەستدرێژی نەکرێتە سەر نیزامەکەمان.».

خولاسە ئەم دەستدرێژییە کە نازانین ڕاستە یان درۆ، ئەوەندەی کوڵك و خووری پێوە بوو کە هەرکام لە ئاغایان و مەراجع و ورد و درشتییان بە ئیسلامی و سێکۆلارەوە پووزەوانە و پاڵتاوێکی پەشم و کڵاوێکیان لێ کردووە بۆ خۆیان و نانی پێوە دەخۆن.

ـ فریشتە ڕووح ئەفزا، جێگری ئەنجومەنی هاوئاهەنگیی ژنانی ئوسوولگەرا دەڵێ: «بە داخەوە ئێران خەریکە بەرەو ئاراستەی یەکسانیی ژن و پیاو هەنگاو هەڵدەگرێت... جێگەی داخە کە ئێستا هەموو کەس دەڵێ ژنان دەبێ بچنە ناو کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان و خاوەنی کار و پیشە بن».

ڕوون نیە ئەم خانمە ژنە یا پیاو؟ بەڵام قسەکانی لەو پیاوانەش ناچێت کە تۆزقاڵێك ماف بۆ ژنان دادەنێن. دەنا ئەگەر ژن بوایە، ئەوەی بەس بوو کە چرکەیەك سەیری ئاوێنەی کردبایە و چاوی بە خۆی کەوتبایە کە وەکوو ژنێك سەرقاڵی کاری سیاسەتە، ئەگەر ئەوەی پێ خراپە، ئیدی بۆچی خۆی دەیکات؟ لە خۆڕا نیە کە من زۆر جار لە خۆم دەپرسم کە بە ڕاستی کەسانی وەك ئەم خانمە چ پیاوێکی گەمژە و دڵڕەق و دواکەوتوون.

# ڕۆڵی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێستای ئێراندا

هیوا میرزایی

دوابەدوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی و بە تاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن ئاخوندەکانەوە بە ڕێبەریی خومەینی، ئەم ڕێژیمە بۆ مانەوە و جێگیربوون و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە وڵات پێویستی بە هێزێکی سەربازی هەبوو کە بەرگری لە شۆڕشی بەناو ئیسلامی بکا هەربۆیە لە ڕێکەوتی ٢ی بانەمەڕی ١٣٥٨ بە فەرمانێك کە خومەینی بە شۆرای شۆڕشی ئیسلامی دا بە فەرمی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ڕاگەیاند و دوابەدوای ئەو شۆڕای شۆڕشی ئیسلامی بە دامەزراندنی شۆرای فەرماندهی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، هەنگاوی بنەڕەتیان بۆ دامەزراندی ئەم هێزە سەربازییە هەڵێناو و ئەمە دەسپێکێك بوو بۆ دروستبوونی هێزێکی سەربازی دژی گەلیی کە تەنیا و تەنیا ئامانج لە دامەزراندنی پارێزگاری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو نەك ئێران و خەڵکی ئێران.

جیا لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق یەکێك لە چالاکییە سەرەکییەکانی ئەم هێزە شەڕ لەگەڵ خەڵك و حیزبە سیاسی و ئازادیخوازەکانی کوردستان بوو و ئەم شەڕە ئێستایش بە شێواز و شکڵی جۆراوجۆر درێژەی هەیە و یەکێك لە مەئموورییەتە سەرەکییەکانی سپای پاسداران لاوازکردن و پاشەکشێ کردن بووە بە خەباتگێڕانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهێنانی جەوێکی پولیسی و ئەمنیەتی لەم ناوچانەدا و ئەم مەئموریەتە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە فەرمانێکی خومینی چووە فازی جێبەجێکردنەوە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژە دین و دژی ئینقلاب پێناسەکران. ئەم دژایەتییە جیا لە لایەنی حەقخوازانە و نەتەوەیی لایەنی ئایینیشی بەخۆیەوە گرت وەك بینیمان شەڕێکی سەرانسەری لە کوردستان بەسەر کورددا داسەپا و جینایەت و کوشتارەکانی ئەو سەردەمە هەنووکەیش پەڵەیێکی ڕەشن بە نێوچاوانی پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە.




سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێستا پەلی بۆ نێو هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا هاویشتووە و بەکردەوە ئابووری وڵاتی بەدەستەوە گرتووە و کونترۆڵی بەرچاوی هەیە بەسەر فرۆشی نەوت و پرۆژە ئابوورییە گەورەکانی ئێراندا و لە بواری سیاسیشەوە ڕۆڵی دیاریکەر و یەکلاکەرەوەی هەیە لە نێو باڵەکانی ڕێژیمدا.

هەروەها لە بواری ئیتلاعاتییەوە ئەم هێزە بە هۆی خاوەنداریەتی شیرکەتی موخابراتی ئێران بەشێك لە کارەکانی کونترۆڵ و سیخوڕی کردنە لە سەر هاووڵاتیان و چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانی ئێران و هەروەها ڕۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوەی مادەسڕکەرەکان لە ئێران و بازەرگانی ئەم مادە هۆشبەرانە.

پێکهاتەی سپای پاسداران لە ٥ بەش پێکهاتووە کە سپای قودس یەکێك لە لقەکانی ئەم هێزە داپلۆسێنەرەیە و لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی چالاکیی دەکا و لە ماوەی شەڕی عێراق و ئێران دامەزراوە و سەرەتا کاری چالاکیی سەربازی و سیخوڕی بە دژی ڕێژیمی سەدام حوسێن بوو بەڵام دواتر ئامانج لە دامەزراندنی دەبێتە تیرۆر و ڕاهێنانی سەربازی بە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك حیزبوڵڵای لوبنان و هەروەها هاوکاری سەربازی و فێرکاری بە سوپای بەشار ئەسەد بۆ سەرکەوتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە و پشتیوانی لە حوسییەکانی یەمەن و لەم دواییانەیشدا بەناوی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی( داعش) زیاتر لە جاران پەلی هاویشتووەتە نێو خاکی عێراق و بە ڕواڵەت بە ناوی شەڕ لەگەڵ ئەم هێزە تیرۆریستییە لە ڕاستیدا زیاتر بۆ بەهێزکردنی گرووپە توندڕەوە شێعەکان لە عێراق چالاکی دەکا و هەرئەمەیە کە لە وتووێژێکدا موفق الربیعی وەزیری پێشووی ئەمنیەتی نەتەوەیی عێراق قاسم سولێمانی فەرماندەی سپای قودسی ئێران بە بەهێزترین پیاوی عێراق ناو دەبات. سپای قودسی کۆماری ئیسلامی هێزێکی تیرۆریستییە و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات و بە تایبەت شەهیدکردنی دوکتوور عەبدولڕەحمان قاسملو لە ساڵی ١٣٦٨ لە وڵاتی ئۆتریش و دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ڕێستوورانی میکۆنووس لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ لە شاری برلین.

هەروەها سپای قودس ڕۆڵی هەبووە لە تەقاندنەوەی مەقەری سەربازە ئامریکایی و فەرانسەییەکان لە شاری بەیروتی لوبنان لە ساڵی ١٩٨٣ و هەروەها بە پێی قسەی « لویس فری» بەرپرسی پێشووی « ئێف بی ئای» سپای قودس دەستی هەبووە لە تەقاندنەوەی بورجەکانی خوبر لە عەرەبستانی سعودی لە ساڵی ١٩٩٦دا.

سپای قودس لە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن یەکییەتی ئۆرووپاوە وەك هێزێکی تێرۆریستی ناسێندرا و قاسم سولیمانی و حەسەن چێزیری لە لیستی گەمارۆکانی یەکییەتی ئۆرووپا دان.

هەروەها سپای قودس لە ژێر ناوی چالاکی فەرهەنگی و هونەری لە دەرەوەی وڵات چالاکیی هەیە و بە درووستکردنی فیلمی دژە ڕۆژئاوایی هەوڵی دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی دەدا.

بە کردەوە سپای قودس ئێستا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چالاکیی سیخوڕی و سەربازی هەیە و هاوپەیمانی وڵاتانی عەرەبی لە ناوچە دژکردەوەیەکە بۆ دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەکە کە بە هۆی سپای قودسی کۆماری ئیسلامیەوە ئەنجام دەدرێ و ئەمە دەتوانێ پاشەکشێ کردنێك بێ بە زیادەڕەوییەکانی ئێران لە ناوچەکە و هەروەها بەربەستێك بێ بۆ ڕاوەستانی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە سیاسەت و بەرنامەی کاری ئەم ڕێژیمەوە بووە.

# دارمانی کەسایەتی و شوناسی نەتەوەیی بە جۆک و پێکەنین

شەماڵ تەرغیبی

مرۆڤ تەنیا بوونەوەری سەر گۆی زەوییە کە دەتوانێ لە ڕێگەی پێکەنینەوە هەم هەستی مرۆڤانەی خۆی دەرببڕێت و هەم باری قورسی ناخۆشییەکانی ژیان لە ناخیدا بەتاڵ بکاتەوە. گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆش تام و چێژێکی تایبەت بە دانیشتن و کۆڕەکانی نێو کۆمەڵگەکان دەدات و وەك دەروونناس و کۆمەڵناسان هێمای بۆ دەکەن تەنز و قسە خۆشەکان دەتوانن لەسەر گەشەی هزری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە شوێندانەری ئەرێنییان هەبێت، بەڵام هەندێکجار ئەم قسە خۆش و نەستەقانە سنووری ڕاستەقینەی خۆیان دەبەزێنن و دەچنە خانەی گاڵتەجاڕی کە ئاسەوارێکی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە و کاریگەری لەسەر پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دادەنێت و ئەم پێوەندییانە خەوشدار دەکات. لە ئێراندا کە ئەم قسە پێکەنیناویانە بە جۆك دەناسرێت تا ڕادەیەکی بەرچاو گرێدراوە بە گاڵتەکردن بە نەتەوەکان و زمانەکانیان یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و زاراوەکانیان، ڕەگەزەکانی ژن و پیاو، مەزهەب و باوەڕە ئایینیەکان و.... کە نێوەرۆکی زۆربەی هەرە زۆری ئەم جۆکانە بریتییە لە گەمژەیی، بێغیرەتی، دواکەوتوویی، هۆڤانیەتی ئەو لایەنەی کە بەردەنگی ئەم جۆکانەن.

ئەوەیکە لێرەدا جێگەی باس و لێکدانەوەیە وەڵامدانەوەیە بەو پرسیارانەی کە: سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم پرۆسە لە ئێراندا بۆ چ کاتێك دەگەڕێتەوە؟ چ هۆکار یان هۆکارگەلێك بوونەتە هۆی زیادبوونی پرۆسەی هێماپێکراو؟ کاریگەرییەکانی ئەم پرسە لەسەر پێوەندی تاکەکانی کۆمەڵ چییە؟ ئایا ئەم پرۆسە لە ئێراندا بەشێوەی سیستماتیك بەرێوە دەچێت یان تەنیا دەبێ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وپرسێکی باو سەیر بکرێت؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە لە پێشدا پێویستە ئەو ڕاستیە بخەینە ڕوو کە ئێران بەهۆی زاڵبوونی چەندین ڕێژیمی دیکتاتۆر و ملهۆڕ لە چەند سەدەی ڕابردوودا کە دەرەتانی ڕادەربڕین و ئازادی بەیان زۆر کەم بووە وەك کۆمەڵگەیەکی داخراو و خەمۆك دەناسرێت کە دەرفەتی دەربڕینی «شوناس» و «بوون» تێیدا بەدی ناکرێت. واتە دەرەتان بۆ ئەوەیکە خەڵك بتوانن لە شادی و خۆشییەکانیان کەڵك وەربگرن زۆر کەمە و بەمهۆیەوە ئەم پێویستیە دەروونیە لەرێگەی جۆك و گاڵتەکردنەوە دەردەبڕن. ڕەنگە لێرەدا نەتوانین مێژووی دروستی سەرهەڵدانی ئەم دیاردە لە ئێراندا بخەینەڕوو بەڵام بە دڵنیاییەوە سەرەتای بە سیستماتیك کردنی پرسی دارشتنی جۆك لەدژی نەتەوەکان و زمانەکانیان بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە سەردەمدارانی ئێران سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و یەکدەست کردنی گەلانی ئێرانیان گرتەبەر (سەردەمی پەهلەوی). ئەم ڕەوتە بەدرێژایی چەنددەیەی ڕابردوو بەتایبەت دواتریش بەهاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەنگ و بۆنێکی تایبەتی‌تری بەخۆوە گرت و لە ڕاستیدا بوو بە ئامرازێکی دەستی دەوڵەت و حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکان تاکوو بەو هۆیەوە بتوانن جیابیران، ئایینزا و نەتەوەکانی جیاواز لە ناوەند هەرچی زیاتر تووشی دوورخستنەوە لە شوناسی تاکەکەسی و لە هەمان کاتیشدا شوناسی بەکۆمەڵ بکەن و خۆبەکەمزانین بکەنە هەوێنی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکییان کە هەمان دامرکاندنەوەی هەستی شوناسخوازی و سەربەخۆیی شوناسە.

ئەم ڕەوتە هەندێکجار لە ڕێگەی دام و دەزگا تەبلیغییەکان، هەندێکجار لە ڕێگەی کتێبە دەرسییەکان و هەندێك جاریش لەلایەن لێپرسراوانی حکوومەتی و خودی دەسەڵاتبەدەستان لە کۆڕە شەخسی و گشتییەکاندا جێبەجێ کراوە. بەڵام سەرباری ئەمەش خاڵێك کە جێگەی داخ و تێڕامانی زیاترە ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە هەندێکجار بەناو ڕوناکبیران و ڕۆشنهزرانی سەر بەم نەتەوە و ئایینزانە، ئاگاهانە یان نائاگاهانە پەرە بەم دیاردە دەدەن و لە ژێرناوی «قسەی خۆش» و بۆ «زاخاوی مێشك» شعووری گشتی کۆمەڵگاکەیان خەوشدار دەکەن. بەدڵنیاییەوە ئەو جۆکانەی کە بۆ کوردەکان، ئازەرییەکان، عەرەبەکان، ڕەشتییەکان و لوڕەکان لە ئێراندا دروست دەکرێت بۆ گەشەسەندنی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوان نیە و هەوڵێکە بۆ سووکایەتی کردن و بەکەمپیشاندانی هێز و توانایی ئینسانی و مەعنەوییەکانیان کە ڕەنگە یەکێك لە ئامانجەکانی پاساوهێنانەوە بێت بۆ ئەو سیاسەتە نادادپەروەرانەی کە لە باری گەشەی ئابووریی و سیاسی و فەرهەنگییەوە لەو ناوچانە ڕەچاو کراوە کە ناوچەی نەتەوەکانی ئێرانن. لە ئێراندا هەڵاواردن و سووکایەتی پێکردنێکی ڕێکخراو بۆ زمانەکانی غەیری فارسی بوونی هەیە کە وەك هێمای بۆکرا تەنانەت خۆی خزاندۆتە نێو کتێبە دەرسییەکانیش. لە ڕوانگەی دینیشەوە وەك تا ئێستا بیندراوە پێگەی پێڕەوانی ئایینەکانی جیا لە مەزهەبی فەرمی ڕێژیم ڕوونە کە بەگشتی بەدەست هەڵاواردنە ئاشکرا مەزهەبییەکانەوە دەناڵێنن.




بەدڵنیاییەوە ئەم چەشنە سیاسەتانە کۆمەڵێك ئاسەواریش بەدوای خۆیاندا دەهێنن کە ڕەنگە بەشێك لە ئاسەوارەکانی ئەم گاڵتەپێکردنانە بەمشێوەیە بن: یەکەم شوێندانەری ئەم بارودۆخە بریتیە لە لاوازبوون و تەنانەت پچڕانی هاوپێوەندییە گشتییەکان لە نێو کۆمەڵگادا کە بۆخۆی بە گەرەنتی پێکەوەمانەوە و پێکەوە هەڵکردنی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ دەزانرێت. واتە بە لاوازبوون و نەمانی ئەو هاوپێوەندییە، جۆکە گاڵتەجاڕییەکان جارێکی دیکە بەرهەم دێنەوە و پێوەندییە ئینسانییەکان زیاتر بەرەو لاوازی دەبەن. لە ئاستی تاکەکەسیشدا دەتوانێ چەشنێك لە نەبوونی متمانە بەخۆبوون لە نێو تاکەکانی سەر بەم نەتەوە یان گرووپانە ساز بکات کە دەرەنجامەکەی لە ڕاستیدا هەمان لەخۆنامۆبوونە، کە بە گەورەترین کێشە لەسەر ڕێگەی گەشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار. بۆ نموونە ئەگەر کاریگەری ئەم ڕەوتە لەسەر نەتەوەیەك بگاتە ئاستێك کە هەست بە شەرم و نامۆیی بکەن هیچ پاڵنەر و هاندەرێك بوونی نامێنێت کە نەوەکانی دوای خۆیان بۆ پاراستنی داب و نەریت و فەرهەنگی گەلەکەیان هان بدەن، کە ئەم مەسەلەش لە شوێنی خۆیدا دەبێتە هۆکارێك لەمەڕ سازبوونی نەوەیەکی بێهیوا و دوور لە متمانەبەخۆیی.

## دیمانەیەک لەگەڵ ئەرسەلان کامکار، مایستەری ئۆرکێسترای سەمفۆنیکی تاران

# «یانی» خەڵک خەڵەتێنێکی نەخوێندەوارە

و: کوردستان

**پێش ماوەیەك هاوکات لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵی پەسەندکردنی بودجەیەك بە بڕی ٤ میلیارد دۆلار بۆ نۆژەن کردنەوەی ئۆرکێسترای سەمفۆنیك شەپۆلێك لە شادی و هیوا کەوتە دڵی ئەو کەسانەی سەر بە بنەماڵەی مۆسیقان و هەروەها ئەوانەش کە دڵەڕاوکێی مۆسیقایان هەیە. هەواڵی نۆژەن کردنەوەی بەو زووانەی ئۆرکێسترای سومفۆنی و رەنگە دەستبەکار بوونەوەی بیانوویەکی رەخساند بۆ ئەوەی وتووێژێك لەگەڵ مایستەری ئۆرکێسترای سەمفۆنی و یەکێك لە باشترین ژەنیارانی پانتای مۆسیقای کلاسیك و سوننەتی (میللی) پێك بهێنین. دیارە ئەو کەسایەتیەش ئەرسەلان کامکارە. ئەرسەلان کامکار ساڵی ١٣٣٩ لە شاری سنە لەدایك بووە و ئەندامێکە لە گرووپی کامکارەکان و هەروەها یەکێك لە بەتواناترین ژەنیارانی «عوود»ە لە ئێراندا. ئەو کە وەکوو یەکێك لە مەزنترین ژەنیارانی ویۆلۆنی کلاسیکیش ناوی لێ دەبرێت، هەندێ روانگەی سەرنجڕاکێش باس دەکات. ئەوەی دەیخوێننەوە دەرئەنجامی ئەم دیمانەیە.**

**پ: بە بۆچوونی بەڕێزت دیاری کردنی وەها بودجەیەك بۆ نۆژەن کردنەوەی ئۆرکێسترای میللی و ئۆرکێسترای سەمفۆنیك بەقەدەر پێویستیە؟**

**و:** نازانم. هێندە لە بواری ماڵی و ئابووریدا خۆم بە خاوەن ڕا نازانم. بنەمای دیاریکردنی وەها تێچوویەکیش چۆنە ئاگادار نیم. هەربۆیەش پێم باشترە خۆم لە قەرەی ئەو بابەتانە نەدەم بەڵام گەلێك خۆشحاڵم لەوەیکە دواجار بیرێك لە نۆژەن کردنەوەی ئەم ئۆرکێسترایە کراوەتەوزە و هەربۆیەش رازیین و شوکرانەبژێر.

**پ: گرینگیی بوونی ئۆرکێستراکان ( کلاسیك و سەمفۆنیك) بۆ وڵات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**و:** سیمبۆلی فەرهەنگیی هەر وڵاتێك ئۆرکێستراکانی ئەو وڵاتەن و بۆ هەر وڵاتێکی بەرین و خاوەن کولتوور لە پێویستییەکانە. ئەم ئۆرکێستراگەلە نمادی پێشکەوتنە کولتوورییەکانی هەر نەتەوەیەکن و یەکێك لە گونجاوترین ڕێگاکانی پیشان دانی ئاستی کولتوور و فەرهەنگی هەر وڵاتێکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا. لە هەموو وڵاتاندا یەکێك لە پرۆگرامەکانی پێشوازی و میوانداری لە میوانانی بیانی و کۆنفرانسەکان، کەڵك وەرگرتنە لەم ئۆرکێستراگەلە. بە بۆچوونی من لەم بوارەدا نابێت خۆمان بە وڵاتانی دراوسێ بەراورد بکەین. بۆ نابێ پێوەری بەراورد کردنی ئێمە وڵاتانێك وەکوو نەمسا، رووسیا، ئەڵمانیا و...بن؟

**پ: وەکوو مایستەری ئۆرکێسترای سەمفۆنیك و یەکێك لە بەئەزموونترین ژەنیارانی ئێران لەگەڵ هاوکاری کردنی ژەنیارانی ئەم ئۆرکێستراگەلە لەگەڵ گۆرانیبێژانی پاپ و یان هونەرمەندانی دیکەی شێوازەکانی مۆسیقا رەزامەندن؟**

**و:** وەکوو خۆم رەنگە پێم باش نەبێت بەڵام ناکرێت چاو لە راستییەکان بنووقێنین. قبووڵمە کە وەها چالاکیگەلێك لە سەر زەینی جوانیناسانەی هونەرمەندان کاریگەری دەبێت کە هەر ئەو کاریگەرییەش پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ کەسایەتی ئەو هونەرمەندە هەیە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ژەنیارانیش دەبێ بژیوی ژیانیان دابین بکەن. ئەگەر دەمانهەوێ هەموو زەین، چڕبوونەوەی کار و کاتی ژەنیارێك لە خزمەتی ئۆرکێسترایەکی سەمفۆنیکدا بێت، ئەرکە لەسەرمان کە تەناهی ماڵیی بۆ دابین بکەین. گونجاوە بەو حەقدەستانەوە کە دەدرێت وەها چاوەڕوانییەکمان لە ژەنیارەکان هەبێت؟

**پ: بە بۆچوونی بەڕێزت وەها تەناهییەکی ماڵی لەگەڵ چ رادەیەك لە داهاتی مانگانە دێتەوە؟**

**و:** وەك پێشتریش گوتم سەبارەت بە بابەتە ئابوورییەکان خاوەن ڕا نیم بەڵام دەزانم کە بە مانگی ٦٠٠ و یان ٧٠٠ هەزار تمەنەوە هیچ تەناهییەکی ماڵی بۆ ئەو توێژە لە کۆمەڵگا دابین نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە تەنانەت ئەو برە پارەیەش زۆر جار بە درەنگەوە دەستیان دەگرێت.

**پ: بە بۆچوونی بەڕێزت درەوشاوەترین سەردەمی ئۆرکێسترای سەمفۆنیك بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**و:** تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێك لە مێژووی ئۆرکێسترای ئەو دوو دەیەیەی دوایی بدەنەوە. ئەوەندە حەزم لە هێنانی ناوی کەسەکان نییە.

**پ: بۆچی وەکوو دەیەکانی رابردوو شاهێدی بەرهەمهێنان و ئەفراندنی پارچەی هەرماو لە پانتای مۆسیقای (سوننەتی)میللی یان کلاسیکدا نین؟**

**و:** لە سەدا سەد لەگەڵ بۆچوونەکەتدا نیم. ئەگەر بۆنموونە دەبینیت کە «تۆ ئەی پەری لە کوێیت» (تو ای پری کجایی) لە ریزی هەرمانەکاندایە؟ ئەگەر بۆنموونە مێلۆدیی «ساقی نامە» وەکوو پارچەیەکی (قەتعە) هەرماو سەیری دەکەیت، هۆکارە سەرەکییەکەی لە هەستی نۆستالۆژیکییەکەیدایە کە تێپەڕینی زەمەن لە ئێوەدا و یان لە هەر بەردەنگێکی دیکەدا خولقاندوویەتی. بۆ ئەوەی بزانین کام لەو پارچە مۆسیقایانەی ئەمڕۆکە بەرهەم دێن دەچنە ریزی هەمانەکانەوە چارەیەکمان نییە جگە لەوەی دان بە خۆماندا بگرین. بە بۆچوونی من ئەو هەستە نۆستالۆژیکە وا لە بەرهەمەکانی پێشووتردا هەیە، گرینگترین هۆکاری هەرمانەکەیانە.

**پ: واتە بەڕێزت وەکوو مایستەری ئۆرکێسترای سەمفۆنیك و یەکێك لە خاوەنڕایانی مۆسیقای ئێران، بڕواتان بەوە هەیە کە بۆنموونە لە پانتای مۆسیقای پاپیشدا بەم دواییانە بەرهەمی هەرماو و تاهەتایی خولقێندراوە؟**

**و:** بە راشکاوی دەڵێم کە ئاگام لە هەموو رووداوەکان هەیە کە لە بواری مۆسیقادا لە وڵاتدا روو دەدەن. لە نێوان مۆسیقادانەرانی پاپ دا رواڵەتی زۆر بەتوانا دەناسم. بەڵام بەداخەوە من حەز ناکەم ناوی کەس بهێنم. بەڵام بڕوام بەوە هەیە کە بەرهەمی زۆر گرینگ و بە بایەخ لە هەموو شێوازەکانی مۆسیقادا لەو چەند ساڵەی دواییدا چێ کراون.

**پ: ماوەیەکە شاهێدی ئەوەین کە کەسایەتییە نێونەتەوەییەکانی مۆسیقا روویان لە ناوخۆی وڵات کردۆتەوە. ئەو رووداوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**و:** گەلێك باشە و ئەم چەشنە رووداوانە لە ناساندنی رواڵەتی ئێران بە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کاریگەر دەبێ. گەلێك دڵم پێی خۆشە.

**پ:** ئێستا کە **بانگهێشتی کەسایەتییە نێونەتەوەییەکان بۆ ئێران لوواوە، بەلاتەوە باشتر نییە کە رێگا بۆ مۆسیقازانە نوێترەکان و ناسراوترەکان ئاواڵە بکەین، ئایا پێت باشە بانگهێشتی کەسانێك بکرێت کە ساڵانێکی زۆرە لە سەردەمی ـ لە لووتکەدا بوون ـ ی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە؟**

**و:** وابزانم مەبەستی جەنابت لە کەسایەتییە نێونەتەوەییەکان «CHRIS DE BURG» یان «KITARO»بێت. (بە پێکەنینەوە) قبووڵمە«CHRIS DE BURG» سەردەمانێك ناسراو بوو کە وەك قسەیەکی نەستەق هەیە کە دەڵێت «دانی لە زاردا مابوو» و ئێستا ئەو رواڵەتێکی بە تەواوی خانەنشین بووە. «KITARO » بێگومان یەکێکە لە گەورەترین مۆسیقادانەرانی بواری مۆسیقای ئەلەکترۆنیکی. بەڵام لەم سەردەمە هاوچەرخەدا دەبێت وەکوو پێشەنگێکی ئەو بوارە بیبینین نەك پێشڕەو. بریا بۆنموونە لە پانتای مۆسیقای ئەلەکترۆنیکدا هونەرمەندانێکی بەرۆژتر بانگهێشت دەکران بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی هاوکات کارمان لەسەر روخساری نێونەتەوەیی ئێران کردبوو، بۆ بەرۆژ بوونەوەی زەینی جوانیناسانەی هونەرمەندەکانی وڵاتیش هەنگاوێکمان هەڵدەگرت.



**پ: ماوەیەکە لە هەواڵەکاندا گوێبیستی دەبین کە بڕیارە «YANNIS CHRYSSOMALIS» یان هەمان یانی نیز بەم زووانە لە ئێراندا کۆنسێرتێك بەڕێوە ببات، بانگهێشتی ئەم کەسایەتییە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**و:** سەت خۆزگەم بە کریس دێ بێرگ و کیتارۆ. بە ڕای من یانی کەسایەتییەکی بە تەواوی نەخوێندەوار و خەڵك خەڵەتێنەرە.

**پ: نەخوێندەوار و خەڵك خەڵەتێنەر؟**

**و:** بەڵێ. گەورەترین رووداوی هونەریی ژیانی یانی کۆنسێرتی «ئاکرۆپۆلیس» بوو کە هەر ئەوکاتیش بڕوام بەوە هەبوو کە داڕێژەر و نووسەری وەها مێلۆدیگەلێك نەخوێندەوارترە لەوەی کە بتوانێت وەها رێکخستنێك (تەنزیمات) بەڕێوە ببات. بە بیستنی ئەو پارچە مۆسیقاگەلە دەستبەجێ تێگەیشتم کە هەموو ئەم رووداوانە لە لایەن هونەرمەندی کارا واتە «شەهداد روحانی»وە بەڕێوەچووە. پاش گەڕانەوەی شەهداد بۆ ئێران، ئەویش دانی بەوەدا نا کە رێکخستنی ( تەنزیم ) کۆنسێرتی ئاکرۆپۆلیس لە لایەن ئەوەوە کراوە. کەڵك وەرگرتن لە وشەی نەخوێندەوار بۆ یانی بۆچوونی شەخسیی من نییە، ئەم وشەیە لە لایەن شەهداد روحانییەوە بۆ یانی بەکار هێنرا.

**پ: هەرچەند وەکوو خۆم بڕوام بەوە هەیە کە هۆکاری سەرەکیی سەرنجڕاکێشیی پارچە مۆسیقاییەکانی یانی، ئەو بیداهە ژەنینانەیە(بداهە نوازی) کە لە لایەن باشترین مۆسیقادانەرانی خاوەن شێواز لەو کۆنسێرتانەدا بەڕێوەچووە، کە سانێك وەکوو Karen briggs، semval yervinyan، hossein jeffry و یان pedro eustache کە لە ژەنیارانی خاوەن شێواز و ناسراوی بوار و پانتای مۆسیقان.بەڵام ئەوە چۆنە کە وەها کەسایەتیگەلێك لەگەڵ هونەرمەندێك کە لە روانگەی بەڕێزتەوە نەخوێندەوارە هاوکاری دەکەن؟**

**و:** بەڵێز لەگەڵت هاوڕام. قبووڵی دەکەم کە سەرکەوتوویی کۆنسێرتی ئاکرۆپۆلیس لەگەڵ ئەوەدا کە قەرزداری رێکخستنەکانی (تەنزیم) هونەرمەندان و رۆڵی درەوشاوەی شەهداد روحانی بوو، گەلێکیش قەرزداری توانای ئارشە کەشی (ارشە کشی) خاتوو «کارێن بریجز»ە، بەڵام هەڵە مەکەن ئەوەی کە کارێن بریجز لە کۆنسێرتی ئاکرۆپۆلیس و یان «سامۆئێل یێرۆینیان» لە کۆنسێرتەکانی دیکەدا بە کەمانچە ژەندیان و یان هەموو ئەوانەی کە «پێدرۆ ئوساچێ» و یان ژەنیارەکانی دیکە کە ناوتان هێنان لەم کۆنسێرتانەدا ئەفراندیان، هەر هەموویان بێداهەژەنینگەلێك بوون کە ئەم هونەرمەندانە بە کەڵك وەرگرتن لە توانا و داهێنانی خۆیان ئەفراندیان.

ئێستا بۆچی ئەم هونەرمەندانە هاوکاریی یانی دەکەن، تەنیا یەك هۆکاری هەیە کە ئەویش توانای لەڕادەبەدەری ماڵی یانییە. یانی هونەرمەندێکە کە ساپۆرتی ماڵیی بەهێزی لە پشتە. ئەوەی ئەو دەیکات تەنیا ئەوەیە کە کەش و هەوایەك بۆ بێداهەژەنینی هونەرمەندانی گەورە لە تەنشت خۆیەوە مسۆگەر دەکات و ئەوەش واتە خەڵك خەڵەتاندن.

**پ: کە واتە بە بۆچوونی بەڕێزت چ هونەرمەندگەلێك پێویستە بانگهێشتی تاران یان ئێران بکرێن؟**

**و:** بە بۆچوونی من تەنانەت ئەگەر لە ئۆرکێستراگەلێکی گەورە وەکوو ڤییەنا، بێرلین و مۆسکۆش بانگهێشت بکەین، هیچ یارمەتییەکمان بە مۆسیقای ئێران نەکردووە. چونکوو لە بنەڕەتدا ئۆرکێسترامان نییە.بە بۆچوونی من سەرتا دەبێت ئەم ئۆرکێستراگەلە نۆژەن بکرێنەوە. خۆزگا ئەو هەموو تێچووە بە مەبەستی نۆژەن کردنەوەی ئۆرکێسترای خۆمان دەبوو. ئەگەر ئەو تێچووانەی بۆ بانگێشتی ئەو هونەرمەندانە سەرف دەکرێت لە بەشە بودجەی ئۆرکێسترای سەمفۆنیکی تاران دابین دەکرێت، خەیانەتێکە کە نکوڵی لێ ناکرێت.

**پ: بەڕێز کامکار ئایا پرۆگرامێکتان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرتی «گرووپی کامکارەکان»؟**

**و:** لە ئێستادا پرۆگراممان لەسەر ساڵی یەك کۆنسێرت داناوە. هیوادارم ئەم دۆخە بۆ کۆنسێرتی ساڵی داهاتوومان برەخسێت.

**پ: بەرهەمی نوێتان هەیە؟**

**و:** لە ئێستادا چێ کردن و تۆمار کردنی کۆنسێرتۆ بۆ عوود و ئۆرکێسترم تەواو کردووە و هیوادارم دۆخ بۆ بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی ئەم پرۆگرامە مسۆگەر بێت، بەڵام بەداخەوە گەڕانەوەی پارەی زۆربەی مۆسیقا «بێ کەلام»ەکان هەر سیفرە و هیچ بەرهەمهێنەرێك وەها ریسکێك ناکات.

سەرچاوە:
http://www.musicema.com

## بەرەو ئاسۆ

سۆفیی گۆشەیٚ خانەقا بووم، ئێستە پیری مەیکەدەم
زاهیدی خەڵوەت نشین بووم، ئێستە مەست و مەیزەدەم
سەروی ئازادیش لەبار و دڵکەش و بەرزە ، بەڵام
گیانەکەم ! من شێت و شەیدای لار و لەنجەی ئەم قەدەم
جیلوەیی جوانی لە هەرچی دا هەبێ خۆشم دەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینی زۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم
هەر یەکەی بۆ خۆی دەجووڵێنێتەوە هەستی دەروون
زەردەپەڕ، کاروانکوژە، تاریك و ڕوونی سوبحدەم
ئاسمانی ساو و دەریای مەند و تارمایی چیا
سێوی لاسوور و بەهێی زەرد و هەناری گوڵبەدەم
کێ وەکوو من سارد و گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە ؟
گا لە دەشتی گەرمەسێر و، گا لە کوێستانی گەدەم !
وەك شەپۆلی زێی خوڕەم ساتێ هەدادانم نییە
گێژ دەخۆم، پێچی دەدەم، من ڕۆڵە کوردەی ئەم سەدەم
ڕێگە سەخت و پڕ لە کەند و لەند و هەڵدێر و گەوە
هەر دەبێ ببزووم، دەبێ بکشێم، وچانی لێ نەدەم
سێبەری مەرگم لە پێشدایە و بەرەو مەنزڵ دەڕۆم
ناخی گۆڕی تەنگە جێگام، هەر تل ئاسا بێ قەدەم
من بەرەو ئاسۆ، بەرەو ڕووناکی باڵم گرتووە
چۆن بەرەو تاریکی دەخشێم، پاڵ وە شەیتانی دەدەم !
کانیی ڕوونم دی بە لێشاوی بەهار شلوێ نەبوو
بەفری گەورەم دی چیای گرت و بە تاوێ بۆە قەدەم
ژینی کورتم دی پڕاوپڕ لە شانازی و شەرەف
عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ڕیسوایی و نەدەم
ئاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات ڕۆشن دەکا
ئەو دەمەی خۆم وەك دڵۆپێك دەچمە نێو دەریای عەدەم



هێمن موکریانی

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 651 ▪ 20 Apr 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## پشکنینی شێرپەنجە و ئیبۆلا بە ٢ دەقیقە لە ڕێگەی ئایفۆنەکەتەوە

توێژەرانی ئەمریکا ئامێرێکی کەم وێنەیان داهێناوە کە لە توانایدایە لەماوەی تەنیا دوو دەقیقەدا، پشکنین بۆ ئەگەری بوونی نەخۆشیە مەترسیدارەکانی وەك شێرپەنجە و ئیبۆلا و ئایدز بکات، تەنیا لە ڕێی توانا و کوالیتی کامێرای مۆبایلەکەوە.

ئەو شێوازە لە شێوەی ئامێرێکدایە کە دەکرێت بەمۆبایلە زیرەکەکانەوە بە نموونەش ئایفۆن، تا بەکارهێنەرانی ئاسایی بتوانن لە ماڵەوە ئەو پشکنینە بکەن، لەسەر بنەمای توانای کامێراکە و (مایکرۆبیدەکان) کە ئەوانیش گەردیلەی پۆلیمەرن، کە ڕێکخراون و بە خانە شێرپەنجەییەکانەوەن.

لەوبارەیەوە توێژەرانی نەخۆشخانەی گشتی ماساچۆسێت و زانکۆی هارڤارد ڕایانگەیاند، ئەم گەردیلە وردانە کاتێ لە شانەکان نزیك دەبنەوە یان دڵۆپێك خوێنیان پێ دەدرێت، بە خانە شێرپەنجەییەکانەوە دەبەسترێنەوە و ڕووناکییەکە دەگۆڕێت، لە ڕێی دیاردەیەکەوە کە بە لایەنگری شەپۆلە ڕووناکییەکان ناسراوە، ئەو زانیارییە لە ڕێی ئەپڵیکەیشنەکەوە دەنێرێتە تاقیگەی نەخۆشخانەیەکی دیاریکراو و دواتر ئەنجامەکە دەگەڕێتەوە و دەریدەخات نەخۆشیەکە لەو کەسەدا هەیە یان نا.




## نهێنییەکەی پاراستامۆڵ ئاشکرا کرا

٧٠ ساڵە مرۆڤ کاتێك تووشی ئازارێك دەبێت هەوڵ دەدات پاراستامۆڵ وەك ئازارشکێنێك و کەمکەرەوەی پلەی گەرمای جەستە بەکاربهێنێت، توێژینەوە نوێیەکان ئەوەیان ئاشکراکردوە کەبەردەوام بەکارهێنانی ئەم ئازارشکێنە هۆکار دەبێت بۆ لاوازبونی هەستەوەرەکانی مرۆڤ وەك هەستکردن بەخۆشی و ناخۆشی و هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ زۆر کەم کاردانەوەی هەبێت بۆ ئەو ڕوداوانەی کە لە دەوری ڕوودەدات.

لەتوێژینەوەکەدا ئەوە هاتوە جۆرەکانی دیکەی ئازار شکێن وەك (پرۆفین) و( ئەسپرین) مادەی دژە هەوکردن لەپێکهاتەیاندا هەیە و زۆر بەکارهێنانیان هۆکار دەبێت بۆ هەوکردنی گەدە.

بەڵام پاراستامۆڵ تەنها ئازارشکێنە کە پێکهاتەی دژە هەوکردنی تێدا نیە و زۆر بەکارهێنانی ئەم چارەسەرە هۆکار دەبێت بۆ لەدەستدانی هەستکردن بەو ڕوداوانەی کە لەدەوروبەری ڕودەدات و بەجۆرێك وا لە مرۆڤ دەکات بێهەست بێت.




## دەرمانێک لەماوەی ٤ کاتژمێردا گرێی شێرپەنجەیی لەنێو دەبات

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ئاشکرای کرد کە زانایان دەرمانێکی تایبەتیان لە میوەیەکی ئوسترالیایی دروستکردوە کە ناویان ناوە" ئی.بی.سی-٤٦، کە ئەو دەرمانە دەتوانێت لەماوەی ٤ کاتژمێردا گرێی شێرپەنجەیی لەنێو بەرێت. دەرمانەکەش لە درەختێك دەردەهێنرێت کە ناوی"blushwood"ە و تەنها لە ئوسترالیا دەڕوێت.

ڕۆژنامەکە نوسیویەتی: بە تاقی کردنەوەی دەرمانەکە لەسەر شێرپەنجەی سەر و مل و ڕێخۆڵە، زاناکان دەرمانەکەیان لەسەر ٣٠٠ ئاژەڵ لەجۆرەکانی پشیلە و سەگ و ئەسپ تاقی کردۆتەوە و دەرمانەکە توانیویەتی ٧٠٪ی حاڵەتەکان چارەسەر بکات.

هەروەها دەنوسێت «بەچاودێری کردنی ئاسەوارەکانی گرێی شێرپەنجە، دەرکەوتووە لەپاش دەرزی لێدان و تێکردنی ئەو دەرمانە، گرێیەکە وەك شێوەی پیاکێشانێکی سادەی لی دێت. لەپاش ٢٤ کاتژمێر ڕەنگی بۆ ڕەشێکی تێر دەگۆڕێت. دوای ٢ ڕۆژ ڕەنگەکەی ڕوون دەبێتەوە. بەتێپەڕینی یەك هەفتە و نیو، گرێیەکە بەتەواوی لەنێو دەچێت.»

ڕۆژنامەکە دەڵێت «دەرمانەکە کاردەکات بۆ دابڕینی گرێیەکە لەهەموو سەرچاوەکانی خوێن و لەهیچ لایەکەوە خوێنی بۆ ناچێت. لەماوەیەکی کورتدا نەخۆشییەکە لەنێو دەبات.»



## کاریگەرییەکانی پێکەنین لەسەر مێشکی مرۆڤ

ئەنجامی توێژینەوەیەك پیشانی داوە، ئەو کەسانەی دڵخۆشن و زۆر پێدەکەنن ئەوە کاریگەرییەکانی بەساڵاچوون لەسەر مێشکیان کەم دەبێتەوە و پێکەنین هۆکار دەبێت بۆ بەهێزبونی یادەوەریان.

بەپێی ڕای توێژەرەوەکان زۆر ماندووکردنی جەستە لەماوەی تەمەنی گەنجێتیدا هۆکار دەبێت بۆ زیاد دەردانی هۆرمۆنی (کۆرتیزۆل) لەلایەن جەستەوە کە ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ لاوازبونی خانەکانی مێشك و کەمبونەوەی توانای مێشك بۆ فێربون و تووشبوون بەکێشەی لەبیر چونەوە و هەروەها هۆکار دەبێت بۆ ماندووبوونی مێشك.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر کۆمەڵێك خۆبەخش ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی توانای زیرەکی مێشکی ئەم بەشداربوانە، ئەم بەشدرابوانە دابەشکران بۆ دوو گروپ، بەشێکیان ڤیدیۆی بابەتی دڵخۆشکەر و گاڵتە ئامێزیان پیشان درا و بەشی دوەمیان هیچیان پیشان نەدرا .

ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بەو شێوەیە بوو ئەو کەسانەی تەماشای ڤیدیۆ گاڵتە ئامێزەکەیان کردبوو لەچاو گروپی دووەم کە تەماشای هیچیان نەکردبوو، ڕێژەی هۆرمۆنی (کۆرتیزۆل) لەخوێنیاندا کەمبووەوە.



زایەڵە

## ماشینی ئێعدام

### فاتیح ساڵحی

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا باس لەوە دەکەن کە تەنیا لە ماوەی ٣ حەوتووی ڕابردوودا زیاتر لە ٧٠ کەس لە ئێراندا بە بیانوو و تۆمەتی جۆراوجۆر لە سێدارە دراون. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران هەروەها ڕایگەیاندووە کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە حەوتووی ڕابردوودا ٤٣ کەس لە سێدارە دراون. هەر بەپێی ئەم سەرچاوە لە سەرەتای وەرزی زستانی ساڵی پارەوە تا کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵ زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە سێدارە دراون و ئەمە پیشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە لەگەڵ بەها و پرەنسیپە مرۆییەکانی سەردەمدا بە تەواوی بێگانە و نامۆن و ئەستەمە ئەم ڕێژیمە و کاربەدەستانی باڵادەستی لەهەمبەر پێڕەو کردنی بەها ئیخلاقییەکان و جێگیر کردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ گۆڕانێکی ئەرێنیان بەسەردا بێ.

بەڵام ئەوەی کە لەم ئامارانەدا زیاتر بەرچاوە زیاد کردنی ژمارەی ئێعدامە نهێنییەکان پاش لێکتێگەیشتنەکەی لۆزان و بەرزبوونەوەی دەنگۆی سازانی نێوان ئێران و ئەمریکایە. ئەمەش ڕەنگە یەکێك لەو بەشە نهێنییانەی نێو لێکتێگەیشتنەکە بێ کە بە وتەی کاربەدەستانی ئێرانی و ڕۆژئاوایی بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکان باس نەکراوە. هەڵبەت نەك بەو نێوەڕۆکەی کە وڵاتانی ١+٥ و بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕاشکاوانە بە ئێرانیان گوتبێ ئێوە دەتوانن بە دڵی خۆتان خەڵك لە سێدارە بدەن. ڕەنگە بەو شێوەیە باس کرابێ کە ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا لەهەمبەر پرسە نێوخۆییەکانی ئێراندا بێدەنگی پیشان بدەن و بە گوتەی خۆیان لە کاروباری نێوخۆیی و دابین کردنی تەناهی وڵاتی ئێراندا دەستێوەردان نەکەن.

پرسێکی دیکە لەم پێوەندییەدا کە ڕەنگە زۆر باس کرابێ ئەم بابەتەیە کە هەر کات کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر وڵاتانی بیانیدا بە ئاشکرا یان نهێنی باج و پوانێکی داوە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستە دەرەکییە سەرکوت و کپکردنی کەش و هەوای کۆمەڵگای چەن قات کردووەتەوە و لە هەموو ئامراز و کەرەستەکانی سەرکوتی دڕندانەی کەڵکی وەرگرتووە و لەم نێوانەشدا بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك سڵی لە هیچ کردەوەیەك نەکردووەتەوە و لەم چوارچێوەشدا بە زیاد کردنی ژمارەی ئێعدامەکان جا چ بە نهێنی یان خود لەبەر دیدی جەماوەر و ئاپۆڕای خەڵکدا ئەو پەیامەی بۆ کۆمەڵگا گواستووەتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە لە ئەگەری سازانیدا لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکادا، کەشێکی کراوە لە نێوخۆی وڵاتدا بخولقێنێ و هەر چەشنە هەوڵێکیش بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە ئاوڵەمەدا دەخنکێنێ.